# مێژووی ئەدەبی کوردی

## مێژوو، ئەدەب، زانیاری



نووسینی: مامۆستا عەلائەددین سەجادی

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication

بسم الله الرحمن الرحيم

میژووی ئەدەبی کوردی

| | |
|---|---|
| سرشناسه : | سجادی، علاءالدین، ۱۹۰۷ - ۱۹۸۴م. |
| عنوان و نام پدیدآور : | میژووی ئەدەبی کوردی/ مولف علاءالدین سجادی. |
| مشخصات نشر : | سنندج: کردستان، ۱۳۸۹. |
| مشخصات ظاهری : | ۶۱۷ص. |
| شابک : | : ۹۷۸-۹٦٤-۹۸۰-۰۹۸-۱ |
| وضعیت‌فهرست‌نویسی : | فیپا |
| موضوع : | ادبیات کردی -- تاریخ و نقد |
| رده بندی کنگره : | PIR۳۲۵۶ ۱۳۸۹ ۳س۲۱آ/ |
| رده بندی دیویی : | ۸فا۹/۲ |
| شماره‌کتابشناسی‌ملی : | ۲۲۲۵۹۳۳ |

# مێژووی

# ئەدەبی کوردی

## مێژوو، ئەدەب، زانیاری

نووسینی:
مامۆستا عەلائەددینی سەججادی

پیاچوونەوە و لەسەر نووسین و پێشەکی بوو نوسینی
سەعید کەرەمی

انتشارات کردستان
سنه

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication

# میژووی ئەدەبی کوردی

| | |
|---|---|
| ✓ ناوی کتێب (نام کتاب): | میژووی ئەدەبی کوردی |
| ✓ نووسینی (مؤلف): | عەلائەددینی سەجادی |
| ✓ پیاچوونەوە (تصحیح): | سەعید کەرەمی |
| ✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ): | دووەم (دوم)؛ ١٣٩٥ |
| ✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ): | ١٠٠٠ دانە (جلد) |
| ✓ ژمارەی لاپەرەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع): | ۶٨٠ صفحەی وزیری |
| ✓ بڵاوکەرەوە (ناشر): | بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) |

نرخی:
٢٥,٠٠٠ تمەنە
١٠,٠٠٠ دینارە

شابک: ٩٧٨-٩۶۴-٩٨٠-٠٩٨-١
ISBN: 978 - 964 - 980 - 098 - 1

# ناواخن


**پێشەکی** ........ ١١

عەلائەددینی سەججادی؛ ژیان و بەرهەمەکانی ........ ٢١

سەججادی و ڕۆژنامەنووسی ........ ٢٢

پێشەکیی چاپی دووەم ........ ٢٥

پەسندی زانایان لەسەر چاپی یەکەم ........ ٢٧

**سەرەتا** ........ ٣١

☑ **بەشی یەکەم: مێژووی گەلی کورد** ........ ٣٧

بێخ و بناوانی کورد ........ ٣٨

میللەت، یا ناسیۆن، یا قەوم ........ ٣٨

کورد ........ ٣٩

« ا » دەستەی یەکەم: قەومەکانی زاگرۆس ........ ٤٥

« ب » دەستەی دووهەم: مێدییەکان و بەردەستەکانیان ........ ٤٨

وشەی «کورد» ..... ٧٣
شوێنی کورد ..... ٧٦
ژیانی کۆمەڵایەتی کورد ..... ٨١
ژمارەی کورد ..... ٨٣
کورد لە ئێران ..... ٨٣
کورد لە تورکیا ..... ٨٤
کورد لە عیراق ..... ٨٥
کورد لە ڕووسیا ..... ٨٦
کوردی بەلووچستان، هیندستان، ئەفغانستان ..... ٨٦
کورد لە سووریا ..... ٨٧
عیراق ..... ٩٠
تورکیا ..... ٩١
ئێران ..... ٩٢
سەرژمار بە چاو کوردەوە ..... ٩٦

☑ **بەشی دووهەم: مێژووی ئەدەب و ئەدەبی کوردی** ..... ١٠٣
مێژووی ئەدەب ..... ١٠٤
ئەدەبی زمان ..... ١٠٤
کەڵکی مێژووی ئەدەب ..... ١٠٥
بەشکردنی مێژووی ئەدەب ..... ١٠٦
سەرەتای داهاتنی ئەدەب ..... ١٠٧
ئەدەب لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا ..... ١١٦
ئەدەبی کوردی ..... ١١٧
داستان ..... ١١٩
ئەفسانە ..... ١٢٠
چیرۆک ..... ١٢٢

پەندی پێشینان ........ ١٣٩
کورد و فەلسەفە ........ ١٤٥
کورد و خەتابە ........ ١٥٢
ئەدەبێکی ڕووتی کوردی ........ ١٥٥
دەوری دووهەم لە ئەدەبی کوردی ........ ١٦١
هۆنراو (شیعر) ........ ١٦٥
[هۆنراوی شەڕوشۆڕ] ........ ١٦٥
هۆنراوی گۆرانی ........ ١٦٦
هۆنراوی لاسایی ........ ١٦٧
بۆچ هۆنراو بەشێوەی هەورامی وتراوە؟ ........ ١٧٤

☑ **شاعیرە گەورەکانی کورد** ........ ـــ

بابە تاهیر ........ ١٧٩
مەلای جزیری ........ ١٨٨
بیسارانی ........ ٢١٢
ئەحمەدی خانی ........ ٢٢٠
نالی ........ ٢٤٣
سالم ........ ٢٥٨
مەولەوی ........ ٢٧٥
مەلای جەبباری ........ ٣٠٣
سەی یاقۆ ........ ٣١٤
کوردی ........ ٣٢١
حاجی کۆیی ........ ٣٣٤
مەحوی ........ ٣٥٣
شێخ ڕەزا ........ ٣٦٦
سالمی «سنە» ........ ٣٨٩

مەجدی ........ ٣٩٩
حەریق ........ ٤٠٩
ئەدەب ........ ٤٢٣
پیرەمێرد ........ ٤٤٣
حەمدی ........ ٤٦٠
ناری ........ ٤٧٩
تاهێر بەگ ........ ٤٩٤
زێوەر ........ ٥٠٩
ئەحمەد موختار ........ ٥٢٤
بێکەس ........ ٥٣٨

باخی شاعیران ........ ٥٥٧
ڕۆژنامەی کوردی ........ ٥٨٥

☑ **ئەدەبی عالەم** ........ ٥٩٩
ئەدەبی کوردی و میسری کۆن ........ ٦٠٠
فیکرەی شەخس (قسن): ........ ٦٠٥
کێل: ........ ٦٠٦
مەسەلەی مزگەوتەکەش ........ ٦٠٦
ئەدەبی کوردی و فارسی کۆن ........ ٦١١
ئەدەبی کوردی و چینی کۆن ........ ٦١٩
ئەدەبی کوردی و هیندیی کۆن ........ ٦٢٢
ئەدەبی کوردی و عیبری کۆن ........ ٦٣٥
ئەدەبی یۆنانی و کوردی ........ ٦٤٣
«ئەلیازە»: ........ ٦٤٨
«ئۆزیسە»: ........ ٦٥١
ئەدەبی ڕۆمانی و کوردی ........ ٦٥٦

دوایی ........................................ ٦٦٣

یاد و شینی مامۆستا عەلائەددین سەجادی لەلایەن دوو کەڵەنووسەری کـورد هەژار موکریانی و مەسعوود محەممەدەوە ........................................ ٦٦٥

یادی مامۆستا سەجادی بە پێنووسی مامۆستا هەژار ........................................ ٦٦٥

سەجادی لە سەرەتای نەمریدا (مەسعوود محەممەد) ........................................ ٦٧٠

سەرچاوەکان ........................................ ٦٧٥

# پێشەکی

**بەنێوی خودا**

ئەگەر بڕیار بێ سەردەمێکی زێڕین بۆ ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی گەلی کورد دەستنیشان بکرێ، ئەبێ ساڵەکانی ۱۹۳۰ تا ۱۹۹۰ بە سەردەمی زێڕین دەستنیشان بکرێ؛ چونکە بزووتنەوەی هەمەلایەنە لە نێو کورددا چە لە بواری ئەدەبی، چە لە بواری سیاسی، چە لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنگەری و چە... لەم ماوەیەدا زیاتر سەری هەڵدا. جا وە نەبێ لە پێش ئەم ماوەیە، یان پاشەوەی سەرهەڵدان نەبووبێ، بەڵکوو تایبەتمەندی ئەم دەورەیە ئەوە بووە کە وێڕای هەبوونی گوشارەکان، کوشتوبڕەکان، دیل و بەندکردنەکان، نالەباری دۆخی دەرەوە و ناوەوەی وڵات، ڕوودانی شەڕە ماڵوێرانکەرەکان و چەنها بەربەستی‌تر، کەچی لە نێو دڵی جەماوەری کورددا تۆمی ڕزگاریخوازی و ئەدەب‌دۆستی لە چەکەرەکردندا بووە و بەردی بناغەی زۆربەی زانستەکان دانراوە.

جیاوازی ئەم سەردەمە لە دەرکەوتن و هەڵکەوتنی کەڵە نووسەران و کەسایەتی گەلێکە کە دووبارەبوونەوەیان لە مێژووی گەلی کورددا ئەستەمە. ئەم نووسەر و توێژەرانە بەرهەم و ئاسەوار گەلێکیان لێ‌کەوتووەتەوە کە هەرکامەیان بۆ خۆی سەرچاوە و خەزێنەیێکی پڕ بایەخن.

لەم سەر و بەندەدا ئەم کەسایەتییانە، وێڕای ئەوەی بە کوردی نووسین سەری بە با ئەدا و دەستی بە بڕین، بوێرانە هاتوونەتە مەیدان و هزر و بیر و گیان وماڵیان کردە قوربانی ژیانەوەی نەتەوەکەیان کە لە گیانەلاّ بوو.

یەکێك لەم کەسایەتییانە کە لەم ڕێبازەدا هەگبەی دایە بن دەستی و بە کوێرەوەری و دەربەدەری و شار و دێ گەڕان لە سنەوە بەری لێ‌گرت و لە بەغداوە سەری دەرهێنا، نەمر مامۆستا عەلائەددین سەججادی بوو؛ کە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی پرژ و بڵاوی نەتەوەکەی، کە هەر لەتێکی لە قوژبنی گوند و شارێکدا بوو.

ئەم بەرهەمەی بەردەستمان زەحمەتی چەند ساڵەی تەمەنیەتی کە گەنجیی تەمەنی بۆ دەرخستنی ئەم خەزێنەیە هەراج کردووە، وەك مامۆستا خۆی ئەیژێ: «گەلێك ساڵ کەلێن و قوژبنی کوردەواری گەڕاوە تا پێکەوەی ناوە»[1].

کەوابوو ئەم کتێبە (مێژووی ئەدەبی کوردی) بەش بە حاڵی خۆی لە سێ لایەنەوە جێی باسە:

**یەکەم**: هەلومەرجی دانانەکەی و گرفت و کۆسپی بەردەمی نووسەر.

**دووەم**: دەستنیشانکردنی لایەنە بەرز و بەرجەستەکانی ئەم بەرهەمە.

**سێهەم**: ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە بە خاڵی لاواز، یان جێی سەرنج بۆ ئەم بەرهەمە وتراوە.

هەر کتێب و بەرهەمێ لە هەر بوارێکدا کە ئەخولقێنرێ، بۆ دانانەکەی ڕەوڵ و شێوەکاری تایبەتی خۆی ئەوێ. مێژووی ئەدەب نووسین وەك کارێکی زانستی و پسپۆڕی پێداویستی و کەرەستەی تایبەتی خۆی ئەخوازێ. بەم چەشنە کە نووسەر وێڕای ئەوەی خۆی لێزان و خاوەن زەوق بێ، ئەشێ کتێبخانە و سەرچاوەی پێویستی لەبەردەستدا بێت و هەرووەها

١. مێژووی ئەدەبی کوردی لاپەڕەی ٦ چاپی ١٩٥٢.

زمانی شاعیر و دانەرەکان بە چاکی بزانێ و تێبگات و سەرچاوەکان پێکەوە بەراورد بکات و بیان‌نرخێنێ و قۆناغ و پۆلێن‌بەندییان بکات.

مامۆستا سەججادیش، وەك نووسەری مێژووی ئەدەب، لەم کارەیدا ئەم گرفت و کۆسپانەی خوارەوەی لە بەردەمدا بووە:

١. نەبوونی سەرچاوە و دیوان و نووسراوەی چاپ‌کراو، ئەگەریش تاك و تەرا بوو بێت هێندە چاپەکەی نابار و شپرزە بووە کە شتێکی لە دەست‌نووسەکان کەمتر نەبووە[١].

٢. جیاوازی بەرچاوی زاراوەکان، واتە زمانی شاعیرەکان وەکوو شاعیرانی زمانی فارسی و عەرەبی یەکدەست نییە، بەڵکوو هەر شاعیرێك بەش بە حاڵی ناوچە و زاراوەی باوی سەردەمی خۆی شیعری گوتووە، ئەدی خۆ ڕوونیشە فێربوونی هەرکام لەو زاراوانە بە قەدەر فێربوونی زمانێکی سەربەخۆ کاتبەر و سەختە.

٣. نەبوونی سەرمەشق و بەرهەمی‌تر کە پێش هی ئەم لەو بوارەدا دانرابێ.

٤. نەبوونی شارەزا و پسپۆڕ و مامۆستای ئەو بوارە کە ڕێنوێنی بکات و دەستی بگرێ.

٥. نەبوونی ڕاگەیاندن و پشتیوانێك بۆ کۆکردنەوە و دەس‌خستنی سەرچاوەکان.

٦. دا نەهاتنی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی و ئەستەمی خوێندنەوەی سەرچاوەکان.

٧. پێویستی بە زانین و شارەزایی لە زمانی دراوسێکان، وەك: عەرەبی و فارسی و تورکی، بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقە کوردییەکان.

ئەم گرفتانەش وێڕای ئاڵۆزی و نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی وەها دەکەن کە نەك تاکە کەسێك، بەڵکوو کۆمەڵێکیش زەندەقیان لە ئەنجامدانی کارێکی وەها بچێ.

بەڵام شێوازی گەورەبوون و پەروەردەبوونی مامۆستا، پیاوێکی وای لێ‌دەرهێنابوو کە هەر بە تاقی تەنێ کارێك بەم ئەستەمییەی لێ‌بخێزێ و زاڵ بێ بەسەر هەموو گرفتەکاندا. واتە شارەزای زاراوەکان بووە و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیوە، زەوقێکی هەرە بەرزی بووە بۆ خوێندنەوە شیعر و ئاسەواری ئەدەبی.

---

١. وەك مامۆستا خۆی لە ئاخری باسی زۆربەی لە شاعیراندا ئەم ڕاستییەی درکاندووە.

**لایەنە بەرجەستە و بەرزەکانی ئەم بەرهەمە:**

١. ڕچەشکێنی و بەرهەمی هەووەڵی ئەم بوارە.

٢. گشت‌گیربوونی بەرهەمەکە بۆ شاعیرانی هەر چوار زاراوەکە، بە بێ‌جیاوازی ناوچەیی یان جیاوازی مەزهەب و ئایین.

٣. ڕەوان و سادەبوونی زمانی نووسەر بەبێ ئەوەی تەکەللوف و زۆرلێکردنی تێدا بێت.

٤. جوان و ڕازاوە بوونی ئەو کۆپلانەی هەڵیبژاردوون، بە چەشنێ ئەگەر تەواوی دیوانی شاعیرەکە بپشکێنی هەر ئەوانەت بە چاك دێتە بەرچاو وا ئەو دەسچنی کردوون.

٥. هێنانە ئارای هەندێ بیروڕای تازە کە پێش ئەو کەس ڕێی لێ‌نەکەوتوون. وەك دیاریکردنی کاتی فەوتکردنی ئەحمەدی خانی بەم عیبارەتە «طار خانی إلی ربه»[١].

٦. هەوڵدانی نووسەر بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی بباتە ڕیزی ئەدەبە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە. بەم بۆنەوە بەشێکی جیاوازی لە ژێر ناوی «ئەدەبی عالەم» بۆ تەرخان کردووە و ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ ئەدەبیاتی نەتەوەکانی‌تردا هەڵسەنگاندووە.

**ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە بە خاڵی لاواز، یان جێی سەرنج بۆ ئەم بەرهەمە وتراوە:**

هەندێ‌جار هەندێ کەس ڕووی گازندەی خۆیان ئەکەنە مامۆستا سەجاددی‌و ئەم بەرهەمەی‌و بە گلەییەوە ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە بە لاوازیی بەرهەمەکەی ئەزانن:

١. گوایە لە لایەن قۆناغ‌بەندی و پۆلێن‌کردنەوە میتۆدێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەگرتووە و تەنیا بە وەسفی کوردبوون شاعیرەکانی ڕیز کردووە و جیاوازی و تایبەتمەندییەکانیانی ڕەچاو نەکردووە، بۆ نموونە سێ شاعیری سەرەتای بەم ڕیزەوە هێناوە:

---

١. سەیری لاپەڕەی ٢٢٣ی ئەم کتێبە بکە.

| ناوی شاعیر | شوێن | کات | شێواز | قاڵبی ئەدەبی | حوکمدارێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| باباتاهیر | هەمەدان | سەدەی پێنج | لوڕی | دوو بەیتی | سەلجووقیەکان |
| مەلاجزیری | جزیر | سەدەی دەیەم | کرمانجی | غەزەل | خالدییەکان |
| بێسارانی | بێساران | سەدەی یازدە | گۆرانی | جووتسەروا | ئەردەڵانەکان[1] |

٢. بۆ هەندێ لە شاعیرەکان کە کات و ساتی ژیانیان لە زەمانی نووسەرەوە زۆر دوور بووە، دیمەن و شێوەی روخسار و قسەکردن و جلوبەرگ پۆشین و... باس ئەکات کە ئەمە بۆ کەسێك ئەکرێ کە ماوەیەك لەگەڵ یەکتردا مەعاشەرەت و تێکەڵیان بووبێت، وەك مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ئەڵێ: «مامۆستا سەجادی چەشنێ باسی مەلا جزیری کردووە کە ئەڵێی ساڵەهای ساڵ لە حوجرە پێکەوە شەڕە کەوچکیان کردووە»[2].

بۆ وێنە لە وەسفی مەلا جزیریدا ئەڵێ: «پیاوێکی سوور و سپی کەڵەگەت بە لای باریکیدا ڕوانیویەتی، ئەڵێن لە تافی گەنجیدا لە هەموو لایەك ناوبانگی دەرکردبوو، چاوڕەشی گەورە و برژانگی درێژ، برۆ پڕ، لووتی باریك، دەموچاو پان، لە جلوبەرگدا پەرداخ بووە، لە دەوری فەقیەتیدا بوزووی زاخۆی ئەکرد بە چۆخە و ڕانك».

٣. نووسەر بۆ زۆربەی شاعیران وەسف و پێداهەڵگوتن‌گەلێکی گشتیی هەیە کە پێوەری هەڵسەنگاندن نین، وەکوو:

- ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کوردی،
- پێشەنگی کاروانی دوڕناسان / شاعیران،
- دەریای بێ بنی ئەدەب، و...

ئەم ڕەخنانە کە ڕوو لەم کتێبەئەکەن هەر هەمووی لە چاو کەسێکەوەیە کە بە چاوی ئەوڕۆکەوە ئەڕوانێتە ئەم بەرهەمە و بە پێوەری زانستی ئێستا ئەیانسەنگێنێ، دەنا ئەگەر هەلومەرجی ئەو کاتی دانانی ئەم کتێبە و ئەو ئامانجانەی کە مامۆستا سەجادی ویستوونی

---

١. ئەم خشتەیەم لە گوتارێکی دوکتۆر بەختیار سەجادی مامۆستای زانکۆی کوردستان لە سنە، کە لە کۆمەڵە وتاری کۆڕی ئەدەبی کوردی زانستگای کوردستان (١٣٩٠) چاپ کراوە، وەرگرتووە.

٢. پێشەکیی دیوانی مەلا جزیری.

بیانئەنگێوێ و پێیان بگات، لەبەرچاو بگیررێ، هەرکام لەو ڕەخنانە بەش بە حاڵی خۆیان جێی سەرنج و وڵامدانەوەن.

مامۆستا سەججادی لەو بارودۆخەدا زۆرتر بیری بەلای ئەوەوە بووە کە ئەو زانیارییانە تۆمار بکات و لە دوو تۆی کتێبێکیان بپەستێوێ و لە فەوتان بیانپارێزێ، تا ئەوەی بە ڕیز و تەرتیبی تایبەتیەوە ورد ورد هەڵیانسەنگێنێ و لێکیانبداتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێت و بیانرخێنێت. مامۆستا هاوکات ویستوویە لە چەن لایەنی جیاوازەوە باس بکات و کەلێنە جیاجیاکانی زمان و ئەدەبی کورد پڕ بکاتەوە، وەك خۆی لە دوا وتەی کتێبەکەدا ئاماژە بەمە دەکات کە ئەم بەرهەمەی بە واتای فراوانتر لە «دایرة المعارف» دەکات تا تەنیا مێژووی ئەدەب؛ چونکە هاوکات جگە لە مێژووی ئەدەب لەم چەند لایەنەوە دواوە و زانیاری خستووەتە ڕوو: مێژووی گەلی کورد، جوغرافیا و ژمارەی حەشیمەتی شارەکان، مێژووی ئەدەبیاتی عالەم و بەراوردیان لەگەڵ هی کورد، مێژووی ڕۆژنامەگەری و...

پەوکی وا ئەم بەرهەمەی بۆ زۆر کەس لە بواری جۆرا و جۆردا بووەتە سەرچاوە، هەرکەس هەرچی لێبخوازێ دەست وەڕووی نانێ. جا مەبەستی مامۆستا سەججادیش هەر ئەم دەورە بووە وا ئێستە ئەم کتێبە دەیگێڕێ؛ نەك ئەو چاوەنوارییە وا پسپۆڕانی بواری مێژووی ئەدەب لە کتێبی مێژووی ئەدەب هەیانە. ئەم گشتگیری و فرەلایەنییە لە دانانی بەرهەم و کتێبدا وەکوو تایبەتمەندی ئاسەواری ئەو سەردەمە وایە و تەنیا ئاسەواری مامۆستا سەجادی وا نییە، بەڵکە هی زۆربەی زۆری نووسەرانی گەورەی ئەو دەم وەهان، وەك: مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، مامۆستا خاڵ، مامۆستا هەژار، محەممەدی مەلا کەریم، مەسعوود محەممەد و...

خاڵێك کە لە هەموو شت زیاتر لەم بەرهەمەدا بەرچاوە و بەس لەوا دەبینرێ، ئەو پەخشانە کێش و سەروادارانەیە کە لە سەرەتای باسی شاعیراندا مامۆستا نووسیونی. ئەم جۆرە نووسینە ـ هەرچەند لەلایەن هەندێ نووسەر و توێژەرەوە ڕەخنەی لێگیراوە و بە نابابەتی و دەقی غەیرە زانستی دانراوە ـ ئەگەر بێین ئەو سەردەمە وا مامۆستا

دەستی بە نووسینی ئەم کتێبە کردووە لەبەرچاو بگرین، ئەبینین ئەوە سەردەمە سەرەتای پشت‌هەڵکردنی ئەدیبان لە شیعر و رووکردنیان لە پەخشان بووە، مامۆستاش وەکوو رچەشکێنی بواری پەخشان‌نووسی، بۆ ئەوەی تام بدا بە نووسینەکەی و درزی نێوان شیعر و پەخشانی سادە پڕ بکاتەوە و بسەلمێنێ پەخشانی کوردیش جێی قەڵەم تاودانی هەیە و ئەو جوانکارییانەی کە لە شیعردا ڕەچاو ئەکرێ لە پەخشانیشا ڕەچاو ئەکرێ، هاتووە ئەم جۆرە پەخشانەی خستۆتە سەرەتای باسی شاعیرەکانەوە. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە مامۆستا ڕەنگە ویستبێتی سۆز و عەشقی قووڵی خۆی بەرانبەر بەو شاعیرانە دەربڕێ و لە بەر چاوی جە ماوەرەوە بەرز بیان‌نرخێنێ، تا بەشکوو خەڵك ڕوو لە بەرهەمەکانیان بکەن و بیان‌خوێننەوە و واز لە ئەدەبی بیانی بهێنن، جەماوەر و بەردەنگێ مەگەر ئاوەها وەسف و پێداهەڵگوتن گەلێک ڕایان‌چڵەکێنێ و بەرەو ئەدەبی کوردی هانیان بدات؛ چونکە زۆربەی زۆری خوێندەواری ئەوکات هەر چینی مەلایان بووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی مامۆستا پەخشانێک بخولقێنێ کە ئەوپەڕی جوانکاری و بەرزی بێت، سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکە کە وەسفی مەلای جزیری چۆن کردووە:

**«گەوهەرێکی/ شەو چرا/ لە سەراوەردی/ شاخەکانی/ بەندەنی بەرزی بۆتانەوە سەمەندەرێکی/ بێ‌پەروا/ لە بەراوەردی/ خانەکانی/ عەشقەوە دوور لەسووتانەوە»**

مامۆستا هەژاریش ئەم ڕاستییەی جەخت کردۆتەوە کە مامۆستا سەجادی لە پێشڕەوانی پەخشان‌نووسی کوردی بووە کە زۆر بە زەبر و توانا نووسیویە[١].

ئەوەی کە بووە بە هۆی ناوازەبوونی ئەم بەرهەمە و بووە بە ڕازی سەرکەوتن و هەرمانی، ئەوەیە کە مامۆستا خۆی لە جینسی ئەو شاعیرانەیە کە لە بارەیانەوە نووسیویە، واتە: مامۆستا خۆی هەروەك ئەو شاعیرانە: مەلایەکی ئاوارەی کوردی گەڕیدە و کوڵاو و برژاو لە نێو ناخی داخی فەرهەنگ و دابونەریتی گەلەکەیدا، تاڵ و سوێر چەشتوو، هەوراز و نشێو دیتوو، بە ئەزموون لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، هێندە بە ناخی ژیان و

١. یادی سەجادی، گۆڤاری سروە، ساڵی یەکەم، هاوینی ١٣٦٤ هەتاوی کۆچی.

ژینگە و پێگەی ئەو شاعیرانەدا ڕۆچووە کە چاوی بەسیرەتی بۆ کراوەتەوە و تەنانەت وێراویە بە خەیاڵی تیژی ژیان و سەر و سیما و ئاکار و ڕەوشتیان تەسویر بکێشێ. ئەمەش بووەتە هۆی تەڕ و پاراوبوون و زیندووبوونی ئەم بەرهەمە. کەسێ گوێ بە سینگی ئەم کتێبەوە بنێ، هەست بە لێدانی دڵی جەماوەری ئەوسای کورد ئەکات. دیارە ئەم تایبەتمەندییەش هیچ کات لە کەسێکەوە کە پەروەردەی زانکۆ بێت و تەنیا لە ڕووی ئاسەوار و کتێبەوە فێری زمان بووبێت و گەلی کورد لەوێڕا بناسێ، چاوەڕوان ناکرێ و بەرهەمی دەستی کاڵ و کرچە و کەمتر ڕەنگ و بۆن و بەرامەی کوردەواریی پێوە دیارە.

ئەم بەرهەمە لەبەر ئەو تایبەتمەندیيانەی کە مشتێ لە هەشتێکیمان باس کرد، وێڕای ئەوەی لە بواری مێژووی ئەدەبدا کەسانی‌تریش وەك «ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، محەممەد ئوزون، دکتۆر مارف خەزنەدار و...» قەڵەمیان هەڵگرتووە، هێشتا هەر لە لووتکەدایە و تازەیە و یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی ئەدەبی کورد. بۆیە لە چاپدانەوەی دووبارەی پێویست بوو چونکە لە مێژە ئەم کتێبە لە بازاڕدا نەماوە و دەستخستنی بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی ئەم بوارە ئەستەمە.

جاری یەکەم مامۆستا خۆی لە ساڵی ١٩٥٢ زایینی لە بەغدا لە چاپخانەی مەعاریف لە چاپی داوە، جاری دووهەمیش لە ساڵی ١٩٧١ زایینی هەر لەو چاپخانەیەدا لە چاپی داوەتەوە کە هەندێ گۆڕانکاری و دەستکاری تێدا کردووە و فرەیێکی لەسەر زیاد کردووە کە مامۆستا خۆی لە پێشەکیی چاپی دووهەمدا ئاماژەی پێ‌کردووە.

ئەم چاپەی بەردەستمان لە ڕووی چاپی دووەمەوە ئامادەکراوە و هەندێ جیاوازیشی لەگەڵ چاپەکانی پێشوودا هەیە:

١. ڕێنووسەکەی گۆڕدراوە و هێنراوەتە سەر ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی.

٢. لە پەراوێزدا هەندێ زانیاری پێ زیاد کراوە کە خراونەتە نێوان [ ] ئەم دوو نیشانەوە.

٣. نموونە شیعرییەکانی ئەم کتێبەمان لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکانی ئەو شاعیرانەدا بەرانبەر کردووە و ئەگەر جیاوازییەك بینرابێ لە پەراوێزدا ئاماژەمان پێ کردووە.

٤. ژیاننامە و ناساندنی مامۆستا و بەرهەم و ئاسەوارەکانیمان، بە کەڵکوەرگرتن لە مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدار، بۆ نووسی، هەروەها یاد و شینی مامۆستا هەژار و مەسعوود محەممەد، کە بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا سەججادی نووسیبوویان، لە پاشکۆی ئەم کتێبەوە پێ زیاد کرد.

لە کۆتاییدا شیاوی باسە کە بڵاوکردنەوەی کوردستان پێشنیاری لە چاپدانی ئەم کتێبەی داوە و هەموو ئەرکەکانی وە ئەستۆ گرتووە و دڵسۆزانە بە شوێنیەوە بووە هەتا ئامادەی چاپی کردووە. ئەم بەڕێزانەش یارمەتی هەڵەگرییان داوە: بەڕێز کاك مەلا عەبدوڵڵا فاتیحی کەرجۆ، وە بەڕێز کاك سیروان ڕەحمانی کە جێی هەیە دەستخۆشییان لێ بکرێ.

هیواداریین جێی ڕەزامەندی خوێنەران بێت.

**سەعید (سەعدی) کەرەمی، سنە**

# عەلائەددینی سەججادی؛ ژیان و بەرهەمەکانی

## ( ۱۹۰۷ ـ ۱۹۸٤ )

عەلائەددین کوڕی نەجمەددین کوڕی عیسامەددین لە بنەماڵەی سەججادی شاری سنەیە. لە ساڵی ۱۹۰۷ زایینی لە گەڕەکی قەتارچیان لە سنە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەی مزگەوت دەست پێ‌کردووە و بە فەقێیەتی زۆر شوێنی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە، دواجار لە سلێمانی دانیشتووە و لە ساڵی ۱۹۳۸ ئیجازەی زانستە ئایینییەکانی وەرگرتووە. ئەوجا ڕووی کردووەتە بەغدا و لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون لە گەڕەکی بە ناوبانگی "مەیدان" بووە پێشنوێژ و هەر لەوێش ژیاوە.

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی لە ڕۆژنامەگەری نزیك بووەتەوە، بەم هۆیەوە پەیوەندی بە چاپ و چاپەمەنییەوە بووە، لە گۆڤاری «گەلاوێژ»دا کاری کردووە، گۆڤاری «نزار»ی بەڕێوە بردووە. لە ساڵی ۱۹۵۹ کراوە بە مامۆستا ئەدەبی کوردی لە زانکۆی ئەدەبیاتی بەغدا، لەسەر ئەم ئیشەی بەردەوام بووە تا ساڵی ۱۹۷۰ لەم ساڵەدا کراوە بە ئەمینداریەتی گشتی ئەوقاف (بە پلەی وەزیری) لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق لە هەولێر. ساڵی ۱۹۷۷ خانەشین کرا و گەڕاوەتەوە بەغدا و کەوتووەتەوە سەر کۆتایی‌هێنان بەو پرۆژەو ئیشانەی کە لە بابەت ئەدەبی کوردیدا نیوەو ناتەواو دەستی لێ‌هەڵگرتبوون.

کوژرانی کوڕەگەورەی لە جەنگی ئێران و عێراقدا ( ۱۹۸۰ ـ ۱۹۸۸) هێزی لێ‌بڕیوە و لە پەلوپۆی خستووە و توانای نووسین و لێکۆڵینەوە کەم کردووەتەوە، تا لە ڕۆژی ۱۳ی

کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ (٢٢/ ٩/ ١٣٦٣) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاك سپێرراوە.

**سەججادی و ڕۆژنامەنووسی:**

لەگەڵ نیشتەجێبوونی سەججادی لە بەغدا ئیبراهیم ئەحمەد خەریکی دەرکردنی گۆڤاری «گەلاوێژ» بووە، لەم کاتەدا سەجادیی هێناوەتە لای خۆی و چاپکردنی گۆڤارەکەی بەو سپاردووە و ماوەی دە ساڵێك سەرنووسەر بووە پاشان لەلایەن حکوومەتەوە داخراوە. ئەم کارە مەشقێکی گرینگ و زەمینەیەك بووە بۆ ئەوەی سەججادی بکا بە پسپۆڕ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا و سەرچاوەیەکی زۆر لە ئەدەبی کوردی کۆ بکاتەوە و شارەزایی لە مێژووی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردیدا پەیدا بکات. دوای گەلاوێژ، گۆڤاری «نزار»ی بە زمانی عەرەبی و کوردی هەر لە بەغدا دەرکردووە کە بڵاوکراوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە و نزیکەی دوو ساڵێك دەوامی بووە.

**سەججادی پسپۆڕی ئەدەبی کوردی:**

مەیدانی نووسینی سەججادی لە بابەت ڕۆشنبیری کوردی بە گشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی گەلێ فراوان بووە، جموجووڵییە خوێندەوارییەکانی لەم خاڵانەدا ئەکەونە بەر چاو:

١. گرنگترین کاری «مێژووی ئەدەبی کوردی» بووە. دوو جار لە بەغدا چاپکراوە یەکەمیان ساڵی ١٩٥٢، دووهەمیان ساڵی ١٩٧١. لەم کارەیدا سەججادی توانیویەتی زانیارییەکی زۆر لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە کۆ بکاتەوە، لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. ئەو سەرچاوە و کەرەستانەی تا ئەو کاتە لە ناوەوە بوون بە کاری هێناون. بۆ ئەو سەردەمەی کتێبەکە بڵاوکراوەتەوە ڕووداوێکی مەزنی نێوەندی ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیری کورد بووە.

٢. لە بابەت زمانی کوردی و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەوە سەجادی لێکۆڵینەوەی بە پێزی هەیە، لەوانە «دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی» (بەغدا ١٩٦١). «ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی» (بەغدا ١٩٦٨). «نرخ شناسی» (بەغدا ١٩٧٠). «دوو چامەکەی نالی و سالم» (بەغدا ١٩٧٣). «دەقەکانی ئەدەبی کوردی» (١٩٧٨). «خۆشخوانی» (بەغدا ١٩٧٨).

٣. سەجادی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا بەشداری کردووە زانیارییەکی زۆری هێناوەتە ناو نامەخانەی کوردییەوە. هەندێکیان تاقیکردنەوەیەکن بۆ یەکەمین جار ئەنجام دەدرێن، لەمانە لە مێژوودا «شۆڕشەکانی کورد» (بەغدا ١٩٥٩)، لە ئەتنۆگرافیا «کوردەواری» (بەغدا ١٩٧٤) بوون بە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە لە دوارۆژدا.

سەجادی نووسەرێك بووە شێوازی خۆی هەبووە لە نووسیندا، بە زۆری کارە داهێنراوە پەخشانییەکانی شیعرئامێزی ڕۆمانتیکییانە بوون. ئەمە لە بەشێکی بەرهەمیدا ڕوون و ئاشکرایە، کارە داهێنراوەکانی لەم بەرهەمانەدا بەرچاو ئەکەون:

١. لە مێژووی ئەدەبی کوردی (ئەم بەرهەمەی بەردەستتان)دا دیباجەیەکی پەخشانەشیعری نووسیوە بۆ هەموو ئەو شاعیرانەی بە درێژی باسی لە ژیان و بەرهەمی شیعریانی کردووە، ئەو پارچە شیعرانە نووسەر وەك شاعیرێك ئەخەنە ڕوو.

٢. پەخشانە جوانەکانی سەجادی لە کتێبی «گەشتێك لە کوردستانا» (١٩٥٦) لێکسیکۆن و زمانی ئەدەبی یادداشت و تێبینی ڕۆژانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

٣. یەکێ لە کارە گەورە و بە نرخەکانی «ڕشتەی مرواریی»یە (بەغدا ١٩٧٥) لە هەشت بەرگدا بڵاو کراوەتەوە. بەرهەمێکە شانازی ئەدەبی کوردییە. ئەم کارەی بریتییە لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئامۆژگاری بە شێوەی ساتیر و کۆمیدی کە بە شێوازێکی ئەدەبی و زمانێکی بەرز تۆماری کردوون.

٤. لە چیرۆکدا سەجادی یەکێکە لە نووسەرە بەراییەکان و دەوری گرنگیان بووە لە پەرە سەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی وتار و چیرۆکی کوردی. چیرۆکێکی بە ناوی «هەمیشە

بەهار» (بەغدا ١٩٦٠) چاپ کردووە. ژیانی میللیی ناو کۆمەڵی کوردەواری بووە بە سەرچاوەی بنچینەیی چیرۆکی سەججادی. ئەمە لە ناوونیشانی هەندێ لە چیرۆکەکانیدا دەردەکەوێ، وەکوو «شاییەکەی ڕەشەی خەجە لاو» و «بۆ نەچووین بۆ کوێستان» و «جەوهەر ئاغا» و «ڕێوییەکەی قەمچووغە» و...

عەلائەددین سەججادی خوێندەوارێکی بە دیمەنی کورد بوو لە سەدەی بیستەمدا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارگەری زانستی بوو. لە زۆربەی مەیدانەکانی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بەرهەمی بە کەڵکی هەیە. باڵا دەست بوو لە نووسینی وتار و چیرۆك و یادداشت و بابەتەکانی دیکەی پەخشان. نووسینی بە گشتی زاخاوی مێشك و خۆراکی گیان و ئارامی دڵ و دەروون بوو بۆ خوێنەر و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی و لە پاشانا بۆ نەوەکانی دوارۆژ.

# پێشەکیی چاپی دووەم

لە ساڵی (١٩٥٢)دا ئەم کتێبە کە لەبەر دەستتایە (مێژووی ئەدەبی کوردی) توانیم لە چاپی بدەم و پێشکەشی بکەم بە عالەمی کوردی و غەیری کوردی، لە پاش ماوەیەکی تۆزێ درەنگ کتێب لە بازاڕا نەما و دوایی هات، ڕۆژ بە ڕۆژ هەتا ئەهات داواکاریی زۆرتر و خۆی کەمتر ئەبووەوە تا وای لێهات دانەیەکی بە دانسقە و بە پارەیەکی زۆر دەست نەئەکەوت، بە تایبەتی کە بوو بە جێی بڕیاری خوێندنی بەشی کوردی لە «زانکۆ»ی بەغدادا ئیتر ئەوەندەی‌تر نایابتر بوو و بە دەست کەس نەئەکەوت.

لەبەر ئەمە و لەبەر ئەوە کە زۆرێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد ڕوویان لێ‌نام بۆ تازە کردنەوەی چاپ و بۆ سەر لە نوێ زیندووکردنەوەی لە بازاڕی بووندا، لەگەڵ ئەوەش کە خەرج و باجی چاپەمەنی ساڵی ١٩٧١ و ساڵی ١٩٥٢ یەک بە دوو و یەک بە سێ سەرکەوتووە و ئەرک زۆر زۆر گرانتر بووە هەر نەمتوانی بێ‌دڵییان بکەم و ئەمجارەش توانیم «مێژووی ئەدەبی کوردی» تازە بکەمەوە.

ئەوەندە هەیە جیایی چاپی ئێستەی و ئەو وەختەی لە چەند شتێکا هەیە کە دوور نییە هی ئێستەی چاکتر بێ لە هی ئەو سەردەمەی.

جارێ لەبەر ئەوە کە ئەم کتێبە بە ناوی دەقێکی ئەدەبی کوردیی نزیکەی ـ لە باری چاپەوە ـ بیست ساڵ لەمەو پێشتر ئەناسرێ بە هیچ جۆر دەستکاریم نەکرد، چونکە ئەو

دەق و «نصّ»ە ئەبێ وەکوو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی ڕوخسار و کاغەز و چاپەوە گومانی تێدا نییە کە هی ئێستە چاکترە. هەروەها لە کاتی خۆیدا ئەو نیشانانە کە ئێستە لە بارەی چاپەوە بۆ چاپەمەنی کوردی و پیتی کوردی هەیە ئەو سەردەمە ئەوانە نەبوون ئێستە بەوانەوە چاپ کرا.

دیسان لە هەندە شوێنێکا بازێ شتی‌تری بە ناوی پەراوێزەوە لێ زیاد کرا؛ وەکوو لە لایەن ژمارەی کوردەوە، وەیا لە باسی «باخی شاعیران» و «عالەمی ڕۆژنامە»دا لە ساڵی ١٩٥٢ بەملاوە چی‌تر هاتۆتە سەر ئەو سێ بابەتە ئەوەم خستە ناو زەوینەی کتێبەکەوە.

هەروەها لە کاتی خۆیدا لە لایەن گەلێ لە ڕۆژهەڵاتی‌ناسەکان و زانایانی کورد لە دەرەوەی عیراق و لە عیراقدا گەلێ نووسراوم لە بارەی «مێژووی ئەدەبی کوردی»یەوە بۆ هات، وەکوو زۆرشت هەر لەبارەی ئەو کتێبەوە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە و ناوە[وە]دا بڵاوکرایەوە. من ئەمانەم هەموو واز لێ‌هێنا بۆ نووسینیان تەنها سیانیان نەبێ؛ یەکێکیان هی کوردێکی دەرەوەی عیراق، یەکێکیان هی بێگانەیەکی دەرەوەی عیراق، یەکێکیان هی کوردێکی عیراق. هی هەمووشیان هەر بە زمانی کوردی بووە.

کوردەکەی دەرەوەی عیراق خوالێخۆشبوو مامۆستا موحەممەد میهری لە ئەستەموڵ، بێگانەکەی دەرەوەی عیراق ڕۆژهەڵاتی‌ناس میستەر ئیدموندس لە لەندەن، کوردەکەی عیراق خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حلمی. هەمووشیان بەو زمانە کە نووسیویانە هەر بەو جۆرە چاپمان کردن بە بێ هیچ جۆرە دەسکارییەک. ئەمویست هەموویان زەنگوغراف بن بەڵام داخەکەم جۆری نووسینی مەرەکەبەکەیان زەنگوغراف وەری نەگرت.

**بەغدا ١٩٧٠/٤/١**

**عەلائەددین سەججادی**

# پەسندی زانایان لەسەر چاپی یەکەم

دانای هونەرمەند و زانای پەسەند شیرین‌نووسی پاک‌نژاد جەنابی مامۆستا عەلائەددین سەججادی.

پاش هیوای خۆشی و بەرخورداری و ئومێدی سەربڵندی و ڕزگاری:

نەوجوانی زرنگ و زیرەك دوکتۆر یوسف بەگ ئەسەری پڕ سەمەری مەعالی سیەری ئێوەی بە دیاری بۆ من هێنا، ئەوە سالێکە کاتێ کە دەستم خاڵی بێ دەیخوێنم و مەرتەبەی ڕەنج و کۆششی بێ‌پایان و فیداکاریی فراوانی ئێوە لە ئەوجی ئاسمانی شەرەفدا دەبینم. چاوت ڕوون بێ، عومرت ئەفزوون بێ، ڕووی ئەو باوك و دایکە سپی بێ کە فرزەندی وایان پێ‌گەیاندووە.

کاکە عەلا! بە بێ پەردە و بە بێ موجامەلە ئەیلێم «مێژووی ئەدەبی کوردی»ی تۆ شەمعێکە لە عالەمی ئەدەبیاتا کە کوردی زیندوو کردەوە و گیانێکی تازەی دایەوە بەو کوردانە کە ئێستە هەن و بەوانەش کە لەمەو دوا دێن. ماڵت ئاوا بێ وا ماڵی کوردت ئاوا کرد.

**لە مەحامی و مودەڕیسانی ئیستانبوڵ**

**موحەممەد میهری کوڕی مەرحووم**

**مەلا عەبدوڵڵای دشەیی**

**١٩٥٤/١/١٩**

٥٣/١/١٩

دۆستی زانا و خۆشەویستەکەم سەیید عەلائەددین.

نامەکەی شیرین و کتێبەکەی ڕەنگین «مێژووی ئەدەبی کوردی» کە ناردبووتان گەییشت. زۆر زۆر سپاستان ئەکەم و بە دڵگەرمییەوە پیرۆزباییتان لێ ئەکەم کە لە پاش ئەوەندە ساڵ سەرنج و کۆششت توانیتان ئەم کارە بهێننە بەرهەم و کە بە لە ژێر چاپ چوونی ئەم نووسراوە گرنگە ئاواتەخوازە دێرینەکەتان هاتە دی. بە ڕاستی ئەمە خزمەتێکی گەورەیە نەک تەنیا بۆ کوردەواری بەڵکوو بۆ گیتیی زانست گشتی و هەمووومان کە پێوەندیمان هەیە بە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات منەتداری ئەو مامۆستا پایە بەرز ئەمێنین.

ئیتر هەمیشە تکای تەندروستی و سەرکەوتنتان ئەکەم.

**دۆستدارتان**

**ئیدمۆندس.**

عماره ـ ١٩٥٢/١٢/٢٨

مامۆستای بەرز و بەڕێز و خۆشەویست و شیرینم کاکە عەلائەددین سەجادی.

نازانم بە چە زمانێک و بە چە جۆرێک پیرۆزی و سوپاسی دەروونی خۆمتان پێشکەش بکەم بۆ ئەم ئەسەرە بە نرخ و گەورە و پیرۆزەتان کە باوەڕ ناکەم هیچ کەسێکی‌تر بە جەستەی بەندە خۆشی و فەرەحی پێ هاتبێت. چۆن شادان و فەرەحناک نەبم کە ئەوەتی خۆم ناسیوەتەوە و هۆشم پەیا کردووە بە دڵ و بە گیان تەشنەی کتێبێکی وا بە نرخ و بەفەڕ بووم. وا لە سایەی هیممەتی بەرزی مامۆستایەکی وەکوو جەنابتانەوە هاتە ناوەوە و دڵ و چاوی هەموو کوردێکی پێ ڕوون بووەوە. یا خوا هەر بژین. بە ڕاستی ئەم خزمەتە گەورەیەتان جێگەی سوپاس و مایەی فەخریشە بۆ خۆتان و ئەتوانم بڵێم کە تۆزێکیش حەسوودیتان پێ ئەبەم! ئەمما دەر حەق بە کتێبەکە خۆی «مێژووی ئەدەبی کوردی» بەندە غەیرئەز تەقدیر و ستایشی ئەبێ چە جۆرە ڕاییکم هەبێت؟ زۆر بە دیققەت و بە زەوقێکی یەکجار گەورەوە خوێندمەوە. ئەتوانم بڵێم کە بە ڕاستی موەففەق بوون و لە هەموو سەرێکەوە ئەسەرەکەتان نایاب و بە نرخە. وە هەر کەسێک بە هەموو کانی دڵیەوە لە تەقدیر و ستایشی دوا بکەوێت موحەققەق لە حەسوودی و ئەنانییەتی خۆیەوەیە، وە ڕەنگە ئەو نەوعانەش زۆر کەم بن.

دڵنیا بن کە بە بێ‌ڕیا و بە ئیخلاس عەرزتان ئەکەم کە تا ئێستە کەس بۆ کورد شتی وا بە نرخ و بە کەڵکی نەنووسیوەتەوە. هەر بژین مامۆستای شیرینم.

ئێستە بەندە لە عەمارە ئەوەندە مەشغوولم و سەرم قاڵە حەتتا ناتوانم کە کاغەز بۆ مناڵەکانم بنووسم. لەبەر ئەوە هیوام وایە کە لێمببوورن کە ناتوانم تەعبیر لە حیسیاتی خۆمتان بۆ بکەم چونکە ئەم کاغەزەم بێ‌شک بێ‌فەڕە، وە فەرقی پێ‌ئەفەرموون کە بە کولفەت ئەینووسم و زۆر هەڵە و ناڕێکی تیایە.

مامۆستا گیان! ئاخ خۆزگە پارەم ئەبوو هەموو نوسخەکانی کتێبەکە تەنیا خۆم ئەم کڕی تاوەکوو مەجبوورتان بکەم جارێکیتر لە چاپی بدەنەوە.

لێرە دوکتۆر ئەوڕەحمان و جەمالی ئەمین بەگ وەکوو بەندە زۆریان پێخۆش بوو بۆ «مێژووی ئەدەبی کوردی» تەبعی نوسخە بۆ دوکتۆر ئەنێریت و جەمال بەگ خۆی دێتە ئەوێ.

**ڕەفیق حلمی ـ عەمارە ١٩٥٢/١٢/٢٨.**

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

# سەرەتا

دەمێ ساڵە، بگرە ئەوەتی هۆشم کردووەتەوە لە کانگای دڵمەوە حەزم لە ئەدەب و ئەدەبیات کردووە. بەو بۆنەوە گەلێ جار خێم ئەدایە خوێندنەوەی ئەو شتانە کە ئاشنایەتییان بە ئەدەبەوە هەیە. بەتایبەتی هینەکانی ڕۆژهەڵات، چە عەرەبی و چە فارسی ـ ئەمە بێجگە لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوا ـ جۆش و خرۆشێکی ئەدامێ و ئەیخستمە عالەمێکی ترەوە. ماوەیەکی باش ئەمە ئیشم بوو، بەبێ ئەوە بچم بەلای بیروباوەڕێکی تردا.

ڕۆژێك شتێکم ئەخوێندەوە، کە لێبوومەوە سەرلەنوێ لە دڵی خۆما وردم ئەکردەوە، لەمەوە کوتوپڕ ئەوە هات بە بیرما کە ئایا من چیم؟ ئینگلیزیم؟ نەء، عەرەبم؟ نەء، بەڵکوو کوردم. باشە کە کوردم ئەبێ لە نەتەوەی کورد بم، کە لە نەتەوەی کورد بووم ئەمەی تێگەیاندم: کە کورد ناوی لە لاپەڕەی ڕۆزگاردا هەیە و ئەمیش قەومێکە بۆ خۆی.

زۆری پێنەچوو لەو دەریای خەیاڵەدا کەوتمە سەر ئەوە کە میللەت مادام میللەت بوو، بەبێ گومان ئەبێ زمان و ئەدەبیات و تاریخێکی ببێ، ئەگەر نەیبێ بە هیچ ناژمێررێ و هیچ نییە. لێرەدا سەرم لێ تێکچوو، تەماشای خۆم ئەکەم هیچی تر نیم تەنها کورد نەبێ،

تەماشای بارەکەی تری ئەکەم سەیر ئەکەم تەنیا کورد نەبێ هەمووشتێکی ترم! کسپەیەك[1] لە دڵمەوە هات، بەوە دڵی خۆمم دایەوە کە وتم: بەڵگەی قەومیی کە زمانە ئەوا من هەمە، من لە نەتەوەی قەومێکم کە لە بەرەبەیانی تاریخەوە بەم زمانە کە من قسەی پێ ئەکەم و پێی ئەنووسم، قسە ئەکەن و هیچ کۆسپێك لای‌نەداون لە ڕێگەی خۆیان. بەتایبەتی کە ئەمبینی «ئەمیر شەرەف‌خان»ی بتلیسی لە ١٠٠٥ی هیجری و «ئەمین زەکی بەگ»[2] لە ١٩٣٦ی میلادی تاریخیان بۆ قەومەکەم نووسیوە، بست بە بست گەشکەم ئەکرد و هیوام بە خۆم و بە قەومەکەم تازەتر ئەبووەوە.

زۆر سەیر بوو، بەڵێ خۆم و قەومەکەم بە کامەرانی ئەبینی، وە ئەو ڕێچکەیەش کە گرتبووم لە خوێندنەوە و فیکر کردنەوە، هەر بەرەڵام نەکرد تا ڕۆژێك هات بە دڵما و وتم: کۆڵەکەی هەرە قایمی قەومییەت ئەدەبیاتە، پایەی قەومێکی پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێشی ئێستە بە ئەدەبیاتەکەیدا بۆ پیاو دەرئەکەوێ، وەکوو هینەکەی ئێستە هەر بەوە بۆ پاشەڕۆژ دەرئەکەوێ. دەی خۆ ئێمە یا یەکێکی وەك من شتێکمان بە دەستەوە نییە کە مێژوویەکی ئەدەبیاتمان بێت تا ڕۆژانی ڕابوردوومان بێنێتەوە پێش چاو، لەگەڵ ئەوەش گومانی تێدا نییە کە بە هەزاران هەزار پیاوی عالم، ئەدیب و شاعیرمان تێدا هەڵکەوتووە، هەریەکە بۆ خۆیان دەورێکیان گێڕاوە و ڕۆیشتوون. ئەوەم هات بە دڵدا کە ئایا لەم هەموو ڕابوردوانە و لەم هەموو هەواناسانە بۆچ یەکێك یا چەن کەسێکمان نەبوون و نەهاتن مێژوویەکی ئەدەبیمان بۆ دابنێن تا نەتەوەکانی ئیمڕۆژیان بەم‌جۆرە سەرگەردان نەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خوێنەر لەناو کتێبەکەدا بەرچاوی ئەکەوێ.

لە پاشەرۆکی خەیاڵەکانا کەوتمە سەر ئەوە کە بەڵکوو چاك بکەم بە لادا و مێژوویەکی ئەدەبی کوردی دابنێم بۆ خۆم و بۆ ئەو قەومەم کە تا ئێستە لەم سووچەوە بێبەش بوون،

---

[١. کسپە: ڕاچەنینی دڵ].

[٢. میرشەرەف‌خان، «شەرەفنامە»ی بە فارسی داناوە کە باسی خێڵ و عەشیرەت و میرە کوردەکان ئەکات. وە ئەمین زەکی بەگ «خۆلاسەی کورد و کوردستان»ی نووسیوە].

ئەمەش بۆ ئەوە کە ڕۆڵەکانی ئیمڕۆژ و پاشەڕۆژمان بیگرن بەدەستەوە و لە ڕیزی ئەو قەومانەدا ڕاوەستن کە مێژووی ئەدەبیاتی خۆیانیان بەدەستەوەیە، ئەمە لەلایەکەوە. لەلایەکی تریشەوە با لۆمەی کوڕانی کوردی پاشەڕۆژمان نەیەتە سەر وەکوو لۆمەی ئێمە ئەچێتە سەر پێشینەکانمان، لەگەڵ ئەوەش ئێمە هەقمان نییە لۆمەی ئەوانەی پێش خۆمان بکەین ـ وەکوو لەمەودوا باسی ئەکەین ـ بەڵام هینەکانی پاشەوە هەقیان هەیە لۆمەی ئێمە بکەن.

من دان بەوەدا ئەنێم کە دانانی مێژوویەکی ئەدەب ـ لە هەر زمانێکا بێ ـ ئیشی تاقە کەسێك نییە، بەڵکوو پێویستە بە لێژنەیەکی دانای زانا [بکرێ] تا بتوانن ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرن. بەڵام ئەم بڕوایە نابێ پیاو لە ئامانجی خۆی بخا، پیاو ئەبێ باوەڕی لە کێو و هێزی لە پۆڵا قایمتر بێ. گومان و ترس دوو ئەهریمەنن بە درێژایی ساڵ لەگەڵ پیاودا لە جەنگدان و پیاو بەرەو دوا ئەگێڕنەوە! ئەو کەسەش باوەڕی بە سەرکەوتن بێ ئەبێ هێزە پۆڵایینەکەی بخاتە کار بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی ئەو دوو ئەهریمەنە؛ هیچکەس لە هیچ ڕێگەیەکدا لەم جیهانە، بەسەر هیچ ئارەزوویەکیدا زاڵ نەبووە تا ئەو هێزەی خۆی نەخستبێتە کار.

با ئەوەش بزانین، وەکوو ئەو ئەهریمەنانە بۆ هەموو کەس هەن، ئەو هێزەش هەروەها بۆ هەموو کەس هەیە. جا ئەگەر منیش بهاتمایە و بموتایە: ئەم ئیشە لە توانای مندا نییە، یەکێکی تریش لەپاش من ئەویش هەروای ئەوت و بەمجۆرە ئەم بۆ ئەوی ئەهێشتەوە و ئەو بۆ ئەو، تا دونیا دونیا بوایە بەم چەشنە ئەماینەوە و لەباتی ئەوە کە وەکوو ئاوێکی ڕوونی ڕەوان هەر لە ڕۆیشتندا بین، ئەبووین بە ئاوی بۆگەنی گۆمێك کە لە شوێنەکەی خۆیدا مابێتەوە!

ئەمە ئاشکرایە کە یانی هیچ قەومێك، چە سیاسی چە ئەدەبی چە کۆمەڵایەتی چە ئایینی، کوتوپڕ و لە پڕێکا نەگەیشتوونەتە ئەم پایەیە کە ئەبینرێ یا ئەخوێنرێتەوە؛ بەڵکوو لە سەرەتاوە تاقە یەکێك دەستی داوەتێ، ئینجا بەرەبەرە پاشماوەکانی ئەو ڕێکوپێکیان کردووە. ئێستە منیش ئەمە دائەنێم و ئەیکەم بە بناغە، هیوادارم قەومە خۆشەویستەکەم بە

چاوی لێبوردن لە ناتەواوییەکەی ئەبوورن و لە ڕۆژانی پاشەڕۆژدا لە کۆڵێتێکەوە ئەیکەن بە کۆشکێك.

ئەزانم ناتەواوی تێدا هەیە، چونکە ئێستە من ئەگەر بمەوێ مێژوویەکی ئەدەبی عەرەبی یا فارسی ـ کە ئەمانە لە ڕۆژهەڵاتدان ـ دابنێم، زۆر زۆرم بەلاوە ئاسانە، چونکە کتێب و سەرچاوە زۆرە، بیانهێنە و دایانبنێ و لێیان وەرگرە و کۆیان کەوە، ئەوە بوو بە کتێب؛ بەڵام لە زمانێکی وەکوو زمانی کوردیدا دوو کۆسپی زۆر گەورە لە ڕێگەدایە: یەکەم بێ‌سەرچاوەیی، دووهەم یەکنەخستن و یەکنەگرتنی شێوەکانی زمانی کوردی.

بەڵێ، شێوەکانی زمانی کوردی هەموو لەیەك ڕیشەیە و پەل‌پەل بوونەتەوە، بەڵام ئاگاداری بەسەر ئەو پەل و لقانەدا وەنەبێ شتێکی ئاسان بێ، لێکۆڵینەوە لە شێوەیەك و تێگەیشتن لە بنچینەکەی تەنیا ئەمە ژیانێکی سەربەخۆی ئەوێ، کەچی سەرەڕای ئەمە، پەلاماردان بۆ شێوەکانی‌تر دیارە ئەمە ئەبێ لە وزەی تاقە کەسێکا نەبێ. لە کوێ ئەوە کە پیاو تەنها خەریکی لێکۆڵینەوەی شێوەی موکری بێ؟ وە لەکوێ ئەوە بچێ بۆ هی بۆتان و لوڕ و هەورامان؟ ئەگەر یەکێك بە چاوێکی وردبینەوە ورد ببێتەوە، لام وایە ئەم ئەرك و عەزیەتە بە کەم نازانێ و ئەکەوێتە سەر ئەو باوەڕە کە پێکهێنانی شتێکی وەها زەمانێکی دوور و درێژی ئەوێ و حەرامکردنی هەموو ناز و نیعمەتێك.

ئەم کتێبەی ئێستە لەبەر دەستایە کرد و کۆشی گەلێ گەلێ ساڵە کەلێن و قوژبنی کوردەواری بە زمان و بە قەڵەم ئەپشکێنم، بێجگە لە باسی کورد و باسی ئەدەبی بێگانە ـ ئەسڵی ئەدەبیاتەکە خۆی هیچ سەرچاوەیەکی کەڵك‌بەخش، کە لەسەر لاپەڕەیەك چاپ کرابێ ـ نەبووە و نییە، سەرمایەی دەستم بۆ ئەم ئیشە «٤٩٨٠» پارچە کاغەزە، کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەم و لەوم پرسیوە و کۆم کردۆتەوە لە باری چۆنیەتی ژیانی ئەو شاعیرانەدا کە من لێرە نووسیومن. ئەم ئەرکەش هەموو بۆ ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی‌ناسێك (مُستشرِق) ئاشنا ببێ بە ئەدەبی کوردی، وەکوو چۆن کوردەکەش خۆی لە ئەدەبی باوباپیری خۆی نزیك ئەبێتەوە.

دیسان کەموکوورِییەکی‌تر لەم کتێبەدا هەیە، ئەوەش ئەوەیە: ئەبوایە لە سەرەتادا کە باس ئەکرا، بەپێی دەور و چەرخ هەچ شاعیرێك بووە لە کورددا بە ڕیزە باس بکرایە، بۆ ئەوە بە سەرە بهاتنایە خوارەوە، نەوەك ئێستە شاعیرێکی دووسەدساڵ لەمەوپێش قسەی لێوە بکرێت و کەچی لە بەرگەکەی‌تردا بچێتە سەر شاعیرێك کە دووسەدوپەنجا ساڵ لەمەوپێش بووە. ئەم ڕەوشتە دیارە بۆ باسی مێژوو یا بۆ مێژووی ئەدەب من پێی لێ ئەنێم کە ناپەسەندە. بەڵام چی بکەم لەبەر بێ‌سەرچاوەیی دەسەڵاتم نەبوو بەسەر پێکهێنانی ئەو ڕەوشتەیەدا، ئەمەش لەبەر دەسنەکەوتن بوو. خۆ ئەگەر بهاتمایە و چاوەڕێی ئەو یاسایەم بکردایە ئەبوایە لە کتێبەکە بگەڕامایە و بکەوتایەتە گۆشەی لەفکرچوونەوە.

هەروەها ڕەنگبێ ئەو ڕەخنەش بگیرێت: کە سەرەتای باسی شاعیرەکان کوردییەکی ڕەقە و پیاو تێ‌ناگەیەنێ. بۆ ئەم ڕەخنەیە مل نادەمە پێشەوە، چونکە کتێبەکە کتێبێکی ئەدەبییە و ئەو کوردییە کە لەوێدا هەیە هەمووی کوردییەکی باوی بەسەر زارەوەیە و هیچی تازە کورە و دەست هەڵبەست نییە، ئەمە یەك؛ دووهەم با ئەدەبی زمانی کوردی ئەوە پیشان مەردم بدا: کە ئەگەر بهاتایە و خزمەتێکی ڕاستەقینەی ئەم زمانە بکرایە تا ئێستە جوانی و دڵکراوەییەکی ئەبوو، نەوەك کوڕی زمانەکە، بەڵکوو هەموو بێگانەیەك شیفتەی جەماڵەکەی ئەبوو، جا بۆ ئەوە ئەو جەماڵە لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا وەکوو ڕۆژ دیار بێ، نەمتوانی دەست لەو نیگارە هەڵگرم.

ئەم کتێبە هەرچەندە «مێژووی ئەدەبی کوردی»یە، بەڵام لەبەر ئەوە زانینی ئەو قەومە کە مێژووی ئەدەبی هەیە پێویستە، ئێمەش هاتین ڕەوشتی ئەم کتێبەمان بەو جۆرە دامەزراند کە لە پێشا باسی «کورد» و «وشەی کورد» و بنچینەی کورد بکا لەگەڵ شوێن و سەرژمارییانا، لەپاش ئەوە باسی ئەدەب و چۆنیەتی ئەدەب و داهاتنی ئەدەب لە عالەمدا، بەشوێن ئەودا «ئەدەبی کوردی» لە ئەدەبێکی زۆر کۆنەوە، پاش ئەو «ژماردنی هەندێ لە شاعیرانی کورد» لەگەڵ مێژووی مردن و ژیانیانا بەپێی دەسەڵات، لە پاشا باسی «شاعیرە هەرە گەورەکانی کورد»، ئەوانەی بەرپەلمان کەوتوون، بەشوێن ئەمانەدا «ئەدەبی ڕۆژنامەی کوردی»، ئینجا

«بەراوردکردنی ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی عالەمدا» تا ئەگاتە سەرەتای چەرخەکانی ناوەڕاست و سەرەتای داهاتنی ئیسلامەتی لەم بەرگەدا.

بۆ ئاگادار بوون بەسەر گەلێ لەم شاعیرانەدا سوپاسی قەومی خۆشەویستی کورد ئەکەم کە یارمەتییان داوم، بەتایبەتی «حەسەنبەگی جاف» و «عەقید موحەممەد عەلیبەگی کوردی»، کە زۆر دڵسۆزییان لەگەڵ نواندم، سەرچاوەی هەموو سوپاسێك بۆ خوایە و هەموو یارمەتییەك هەر شایانی ئەوە.

ئەم کتێبە مێژووی ئەدەبە، ئەدەب هونەرە، ئەتوانم دیسان بە دڵ سوپاسی هونەرمەند کاك «بەدیع باباجان» بکەم بۆ ئەو یارمەتییەی لەلایەن ئەو وێنە هونەرییانەی هۆنەرەکانەوە کە دایمێ و توانیم بەوان ئەوەندەیتر مێژووی ئەدەبی کوردی بڕازێنمەوە.

**١٩٥١/١/٢٥ بەغدا**

**عەلائەددین سەجادی**

# مەولەوی

(١٨٠٦ _ ١٨٨٢)

زرەی زایەڵەی دووکانچەی دەماخ ئـەیداتـەوە دڵ ئـەکا ئـاخ و داخ
پێشەنگی کاروان قەتارەی شەونم لەبـەر بـەیاندا ئـەڕژێنێ نـم نـم!

سەججادی



خـامە شـەق وەردەن، دەم مـەکەردەوە
زار زار مـــەناڵۆ وە دەم دەردەوە
تـۆ پـا شـکستەی بـەرد هـەردەی دەرد
چەم کۆر مەینەت، تەن لاغر، ڕەنگ زەرد!

مەولەوی

پیری بەڕاستی شاعیران، سەردەفتەری خۆشپەیکەری ئەدیبان، بادەنۆشی خانەدانی تاوەگۆزی، ئارایشدەری بەرەبابی شاهۆیی، پێغەمبەری شیعری سەدەی ڕابوردوو،

**شۆڕشگێڕی باوەڕی تازە و نۆ. شەیدا بە نووری پاکی یەزدان، مەفتوون بە سۆزی ناڵەی دەروێشان، پێشەنگی کاروانی دوڕناسان، خەرقە پۆشی ئاهەنگی مەی نۆشان. مەلەوانی دەریای بیر تیژی، شۆڕەسواری سارای نوکتەبێژی. دڵی ڕووناك بووە بە ڕووناکی خاوەنی جیهان، زمانی گۆیا بووە بە دەنگی فریشتەی ئاسمان. شابازی خەیاڵی هەردەمە لە مێرغوزارێکا بۆنی گوڵێکی کردووە، دەمێ بە سۆزی پیری پیران و ناڵە ناڵی جەرگی دەروێشان، دەمێ بە دەربڕینی گەوهەری نوکتە بە یادی نیازی ئازیزان، دەمێ بە باسی ڕشتنی ئاوی شەتاوان و هاژەهاژی تاڤگەکان. کەوابوو مەولەوی هەم خۆشخوانی حەقپەرستی بووە، هەم نەواخوانی بەزمی سەرمەستی!.**

شاعیری بەرزی ئاسمانی کوردەواری «مەولەوی» ناوی «عبدالرّحیم» و کوڕی «مەلا سەعید»ە. بە شەش پشت ئەچێتەوە سەر «مەلا ئەبووبەکری موسەننیف» خاوەنی کتێبی «الوُضوح» و لە بنەماڵەی «پیرخدری شاهۆ»یە. «مەلا یۆسف جان» ـ کە یەکێك بووە لە نەتەوەکانی مەلا ئەبووبەکر ـ لە «چۆڕی»ی مەریوانەوە چووەتە «تاوەگۆز»ی جوانڕۆ و ئاوای کردۆتەوە و تیایا دانیشتووە. ئەو شوێنە کانی و سەراوێك بووە بێ ئاوەدانی، داری «تاوگ» و «گوێز»ی لێ بووە. لە پاشا دێیەکە هەر بەو ناوەوە ناوبانگ ئەستێنێ و لە وتندا بۆ سووکی ئەبێ بە «تاوەگۆز».

لە ساڵی (١٨٠٦)ی میلادی لە «تاوەگۆز» هاتۆتە دونیاوە، سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێکردووە، کە چووەتە فەقیەتی بە سوختەیەتی لە مەدرەسەی «نۆدشە»دا بووە، لەوێوە چووە بۆ «مەریوان»، ماوەیەکی باش لە «چۆڕ» و لە «نەنە» بووە، لەوێشەوە چووە بۆ «سنە» لە مزگەوتی «وەزیر» چەند مانگێك ماوەتەوە، لەوێوە چووە بۆ «بانە». گەڕاوەتەوە بۆ «سولەیمانی» لە مەدرەسەی «شێخ مارفی نۆدێیی» لە مزگەوتی گەورە. لەوێوە ئەچێ بۆ «هەڵەبجە» لە «مەدرەسەی شێخ ئەولای خەرپانی» ماوەیەك ئەمێنێتەوە. لەم وەختەدا «مەلا ئەحمەدی نۆتشی» کوڕی «مەلا ئەوڕەحمانی نۆتشی» یەکە موستەعیدی شێخ ئەولای خەرپانی ئەبێ و دەمە دەمی ئیجازە وەرگرتنی ئەبێ. هەندێك ئەڵێن لە

جۆشی ئیجازەوەرگرتنی مەلا ئەحمەددا ئەم، چووەتە هەڵەبجە و لەو وەختەدا ئەم «کمال»ی خوێندووە بەلای «مەلا سادق» تەوێڵەییەوە ـ کە ئەویش هەر موستەعیدی شێخ ئەولا بووە و تەواوی کردووە و لەبەر بێ‌جێگەیی هێشتا ئیجازەی وەرنەگرتووە ـ لەپاش ماوەیەك لەبەر پێشهاتێکی خێزانی خوێندنەکەی پەکی ئەکەوێ و هەڵەبجە بەجێ دێڵێ.

دوو ساڵێك بەم بێ‌خوێندنیە ئەمێنێتەوە و لە پاشا تێ‌هەڵئەچێتەوە. بە مەدرەسەکانی ئەو ناوەدا ئەسووڕێتەوە و لەپاش ئەمانە ئەچێ بۆ جوانڕۆ بۆلای «قاضی» جوانڕۆ و ماوەیەکی باش لەوێ ئەمێنێتەوە، سەرێکیشی لە «پاوە» داوە، بەڵام نازانرێ ئایا بۆ خوێندن چووە یا هەر بە کاروان ڕێی تێکەوتووە؟. لە (١٨٣٩)دا لە دەوری «ڕەزاقولی خان»ی کوڕی خەسرەوخانی والیدا بۆ جاری دووهەم ئەچێتەوە بۆ «سنە» و ئەم جارەی زۆر ئەمێنێتەوە، لە ئاخردا لە مزگەوتی «دارالإحسان» دائەمەزرێ و لە کن «حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشی» ـ کە لەم دواییەدا موفتی سنە ئەبێ ـ دەرز ئەخوێنێ.

لەو سەردەمەدا کە لە سنە ئەبێ دەنگی ئاوازی ڕۆح‌ئەفزای شیعری مەولەوی لە تاقچەی دیواخانی خەوانین و پیاوماقووڵانی سنەدا دەنگ ئەداتەوە، مەولەوی ئەبێ بە بولبولی هەموو دیواخانێ، یا هەموو دیواخانێ ئەبێ بە پەروانەی مەولەوی!. هەروەها لەو ماوەدا پیاوی وەك «مەلا عبدوڵڵای دشەیی» و «سەید عەبدولعەزیزی کەلجی»یی پێ‌ئەگەیێنێ بۆ ئەوە لە پاشەڕۆژا یەکەمیان ببێ بە موفتی و دووهەمیان بە شێخولئیسلامی سنە.

مەولەوی بەم‌جۆرە لە سنەدا ڕایئەبوێرێ تا لە (١٨٤١)دا ئیجازەی تەدریس لە حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشی وەرئەگرێ. لەگەڵ ئەو هەموو ڕێزە کە لێیان گرتووە و لەگەڵ ئەو هەموو تەقالایە کە لەگەڵیان داوە بۆ ئەوە هەر لە سنەدا دانیشێ، گیر نەبووە و ڕاستەوڕاست گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی و زۆر بە حورمەتەوە ڕەوانەیان کردۆتەوە. کە هاتۆتەوە ئەوەندە گیر نەبووە، سۆزی ڕایەڵی مەعنەوییاتی «شێخ وەسمانی تەوێڵە» ڕایئەکێشێ بۆلای خۆی، لەوێ ئەبێ بە داوی تەریقەتەوە، یاخود ئەبێ بە پەروانەی پەڕ و باڵ سووتاوی دەوری «سراج‌الدّین»، یا بە بولبولی تینوو بە عەتری گوڵی «سراج‌الدّین» و ئەبێ بە خەلیفەشی.

ئینجا ئەچێتە دێی «چورستانه»[١]، لەوێ دائەنیشێ و تەدریس ئەکا، بەڵام ئەم تەدریسەی تا سەر نەبووە، چونکە سەودای تەریقەت لە کەڵکی ئەوەی خست کە بتوانێ پێ‌بەندی تەدریس بێ. لەپاش چورستانە ئەچێتە «بێژاوە» و لەوێشەوە ئەچێتە «بیاوێڵە». لە پاشا لەوێش ماڵی باری کردووە، چووەتە دێی «سەرشاتە» لە پشت قەڵای شەمێرانەوە لەسەر سیروان. ئەڵێن: بە کاروان جارێکی‌تر ڕێی کەوتۆتەوە سولەیمانی. لەهەر لایێ لەم شوێنانە بووبێت هەر پەیوولەی «سراج‌الدّین» بووە، تا لە (١٨٨٢)دا بە ١٥ ساڵ دوای سیراجەددین هەر لە سەرشاتە لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێش نێژراوە. گۆڕەکەی جێی ڕاز و نیازی خەمباران و دڵ سووتاوانە.

هۆی مردنەکەشی ئەوەبووە سوار ئەسپێك ئەبێ و ئەچێ بۆ «پریس». پیاوێك جڵەوی ئەسپەکەی ڕائەکێشێ، ئەویش چاوی کوێر بووە، کە ئەگەنە دەشتی بەردەمی «هانەسوورە» دارتووییێك لەوێدا بووە. مەولەوی لە زەمانی چاوساغیدا شارەزای بووە، بە پیاوەکەی وتووە کە گەیشتینە بن دارەکە پێم بڵێ با پشتم دانەوێنم ـ چونکە خۆی نەیبینیوە ـ کە ئەگەنە ئەوێ پیاوە پێی ئەڵێ، ئەویش پشتی دائەنەوێنێ و هێشتا لێی تێپەڕ نابن، لای وا ئەبێ لە ژێری دەرچوون، پشت بەرز ئەکاتەوە و لقی دارتووەکە لە پشتی گیر ئەبێ و وڵاخەکەش بە گوڕ ئەڕوا و پشتی ئەشکێ، ئیتر ئەم پشت شکانە ئەبێتە هۆی مردنی.

مەولەوی پیاوێکی میانەباڵا و زۆریش لاواز نەبووە، ڕیشێکی تەنکی هەبووە، دوو چاوی گەشی درێژکاری پێوە بووە، هەندێ جار مێزەری سپی کوردانە و هەندێ جاریش جامەدانەی ئەبەست بەسەرەوە. هەموو دەمێ خەرقەیەکی بە ڕەنگی سەوز سەوزکراوی ئاوەڵدامەنی لەبەر کردووە. گاڵۆکێکیشی ئەگرت بە دەستەوە، قسەکانی لەسەرخۆ و پڕمەعنا بووە، جارجار سۆزێکیشی بووە وەکوو تەعبیر لە نهێنی تەسەووف یا کەون بداتەوە، بە چەند ساڵێکی کەم لە پێش مردنیا ئەو چاوە جوانانەی کە دیمەنی تەبیعەت و «سراج‌الدّین» و «خاتوو عەنبەر»ی پێ ئەبینی کوێر بوون، ئەوەندەی‌تر سۆزی گەیشتە ئاسمان.

---

[١. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە دیوانی مەولەویدا ئەم دێیە بە «چرۆستانە» ناو دەبات نەك «چورستانە».]

مەولەوی لە دەوری فەقیەتیدا ـ وەکوو لە ئاخر دەوریا ـ زۆر پابەندی خانەقای «تەوێڵە» بووە، ئەو خانەقایە بە هاتوچۆکردنی هەموو تیرەیەك وەکوو پوورەی هەنگ وابووە، لە «هیندی» و «ئەوغانی» و لە کەسانی‌تریش. ئەو ئەوغانییانە کە لە چوڕستانە بوون و لە پاشا بوون بە خزمی مەولەوی ئەوانیش هاتوچۆی شێخ وەسمانیان کردووە، سەرەتا کە ئاشنا ئەبن بە مەلا عەبدوڕڕەحیم لە زەمانی فەقیەتیدا تەماشا ئەکەن ئەم پیاوە لە تەرزی ژیان و ڕابواردنیا دەروێشی و خواناسی و عیلم ئەدرەوشێتەوە، ئەوغانییەکان لەسەر ڕەوشتی لای خۆیان ـ کە بەم‌جۆرە کەسانەیان وتووە «مەولەوی» ـ ناوی ئەبەن بە مەولەوی. وردە وردە ئەو ناوەی لە خانەقای شێخی سیراجەددین و وڵاتی موریدەکانیا بۆ بڵاو ئەبێتەوە. داکەوتنی ناوی مەولەوی بۆ «مەلا عەبدوڕڕەحیم لە سەرەتادا بەم‌جۆرە بووە.

کە لە (١٨٥٨) دیسان بە فرمانی شێخی سیراجەددین لەلای «والی» ئەچێتەوە بۆ سنە. والی غولامشاخان تەماشا ئەکا دەنگی شیعری مەولەوی زەنگێکە و دەنگ ئەداتەوە، بادەنۆشانی ناسووتی لە خەرقەپۆشانی لاهووتی هیچ جیا ناکاتەوە. بێجگە لەمەش پیاوێکی ڕێز لێ‌گیراو و سەر بە شێخ وەسمانی تەوێڵەیە، لەلایەکەوە قسە زانی و ئەدەبی مەولەوی خۆی، لەلایەکەوە شوێن ئاگردانی شێخ وەسمان، لەلایەکی‌ترەوە زەوقی ئەدەبی غولامشاخان، ئەمانە هەموو ئەکەنە کارێ کە والی ئەنجومەنێکی تایبەتی لە ئەدیب و عولەما و پیاوماقووڵ و میرزاکانی سنە پێکەوە ئەنێ، بە شەربەت‌خۆرییێکی شاهانە ناوی مەولەوی ـ کە تا ئەو وەختە غەیرە ڕەسمی بووە بۆی ـ ئەکا بە لەقەبێکی ڕەسمی بۆ «مەلا عەبدوڕڕەحیمی تاوەگۆزی».

مەولەوی کە لە چوڕستانە بووە، لەو سەردەمەدا چەند ماڵێکی ئەوغانی لەوێ بوون «خاتووعەنبەر» ـ کە بەشێکە لە هەڵقوڵینی سەرچاوەی شیعری مەولەوی ـ لەو ئەوغانییانە بووە، کردوویە بە هاوسەری ژیانی خۆی. لەم خاتووعەنبەرە چوار کوڕی بووە: «شێخ موحەممەد، شێخ ئەحمەد، شێخ مەحموود، سەیید عەبدوڵڵا» لە ژنێکی‌تریشی سێ کوڕی‌تری بووە: «سەیید هادی، سەیید حەسەن، سەیید حوسەین». بێجگە لە سەیید

عەبدوڵڵا ئەوانی‌تر هەموو لە گەنجی و دەمەدەمی پیریدا مردوون. سەیید عەبدوڵڵا ئێستە نەتەوەی هەیە، نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوارن. هەروەها برایەکیشی بووە «مەلا سەعدوڵڵا»ی ناو بووە.

مەولەوی لە قەڵای جوانرۆ «مەڵکە»ی شاعیری بەناوبانگی جوانڕۆی چاو پێکەوتووە. کاروانی بەغدایشی بووە، گەلێ جار لەگەڵ «موفتی زەهاوی»دا یەکیان گرتووە و قسەی خۆشیان کردووە.

بەبێ شك مەولەوی بەرزتر شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی کوردە تا ئەم تاریخە و بگرە هی پێشەوەش؛ نەوەك هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئەگەر بەراوردی خەیاڵی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەهەمی غەیری کورددا بکرێ هەموو زمان و قەڵەمێك دان بەوەدا ئەنێ کە فیکری بەرزی مەولەوی لەسەر هەموویانەوەیە. نازکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردی مەعنا، جوانی وشە و ڕاکێشانی دڵ بە عیباراتی ڕەنگین و بزواندنەوەی تەلی عاتیفە مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێ. یاخود مەگەر هەر خاتووعەنبەر توانیبێتی لە پەردەیەکی نهێنییەوە خۆی بنوێنێ بۆ مەولەوی بۆ ئەوە قاپی شیعری بۆ بکرێتەوە و ببێ بەو مەولەوییە کە قەڵەم لە باسی شیعر و زەوقیدا کۆڵە!.

ئێمە ناتوانین بڵێین مەولەوی دیدەنی لە «مەڵکە جوانڕۆیی» و «ئەحمەدبەگی کۆماسی» کردووە، یاخود گوێچکەی بە شیعری «مەلا موستەفای بێسارانی» ئاشنا بووە، ئیتر لەمەوە سەرەوژوور بووەتەوە بۆ گومەزی بەرزی بارەگای شیعر، چونکە خەیاڵی مەولەوی و پارێزی مەولەوی بۆ وردەکاری شیعر و ئاوەدانکردنەوەی شیعر گەلێ بەرزتر بووە لەوە کە ئەمانە پێشەنگی خەیاڵی شیعری مەولەوی بووبێتن!.

مەولەوی کە بە قانوونێکی تەبیعی زایەڵەی خەیاڵی بە شنۆی شەتاوان، تەلی عاتیفەی بە هاژەی تاڤگەی کۆساران، ڕشێنەی پەڕەی دڵی بە بۆنی چنووری سەر دیاران بووبێت، ئەبێ چۆن سەرسنووری ئاسۆی خەیاڵی تەنها لووتکەی کڵاوەی جوانڕۆ و کۆماسی و بێساران بووبێت؟!.

مەولەوییەك کە لە بەرەبەیانی جوانییەوە لە ژێر پەردەی تاریکی شەوی گیاڕەشی بەهارا، لەو کاتەدا کە پەلەوەر و جانەوەر، ناسووتی و لاهووتی هەموو لە کولانە و هێلانەی خۆیانا سەرخۆشی پرخەی نوستن بن، دنیا کش و مات بێ، پەردەی خامۆشی دادرابێتەوە، ئەم بەبێ چرپە هەستێت چاوی بگلۆفێ و بچێتە سەر قولەی شاخێك تەماشا بکا وا هەوایەکی سافە، دنیا بێ تەمە، ئاسمانێکی شینە، ئەستێرەکان لە سەمادان، لە خوارەوە خوڕەی کانیاوەکان لەگەڵ شنەی نەسیم و خشەی نەرمی گیاکانا پێشوازی دەنگی نهێنی قودسییەتی کردگار ئەکەن ـ کە تێکلاَوی هەموو مەوجووداتێکە و موژدەی عالەمێکی خۆشتر لەم عالەمە بلاَو ئەکەنەوە ـ کە بچێت و ئەم دیمەنە ببینێ، ئایا ئەبێ چۆن خەو بەری نەدا و نەکەوێتە عالەمێکی مەعنەوییاتی وەهاوە کە هەموو شعوورێکی پابەندی هەموو ئاشنایەکی ئەو نیگارستانە بێت؟! وە لە جۆشی کوورەی دەروونیەوە نەڵێ:

**ئـەمشەو دیـارەن بـانگم بـێشەرمەن　　زایەڵەی سەمتوور کەللەکەم گەرمەن**

وەیاخود نەڵێ:

**شـەوەن خـەڵوەتەن مـاڵ بـێ ئـەغیارەن　　ئاڵەم گشت خەفتەن دۆس خەوەردارەن**

مەولەوییەك کە لە دەمە دەمی زەردەپەڕی خۆراوادا لە ڕۆژێکی مانگی «ئوردیبەهەشت»دا سەر لە تاقچەی مەغارەی خەیالاَت دەربێنێ و ڕوو بکاتە پانایی دەشتی سارای بەر کۆساران [و] ببینێ وا: خوانی زومڕووتی لەو دەشتەدا ڕاخراوە، دووکانچەی گەوهەری پڕ جەوهەری گولاَلاَن خەرمانەیان داوە، هاژەی قەڵبەزەی شەتاوی بەفراوان لەگەڵ نەوای ڕۆحئەفزای بولبولان تێکلاَوە، ڕەشماڵی پڕ لە ماڵی وەك ڕەشخاڵی گۆنای ئاڵی ناو دەسماڵی دڵخوازان هەڵدراوە، تیشکی ڕۆژ لەو دانگی ئێوارەدا لەسەر زەنگۆڵی بەفر لەو بنارەدا وەکوو ڕەنگی شاپەڕی پەری خەرمانەی داوە، گلۆپ گلۆپ لە دلۆپ دلۆپی ئەو بەفراوە بە ڕیزە وەستاوە، وێنەی بێوێنەی ڕۆژیان پیا ئالاَوە، ئەمانە هەریەکە بە ڕەنگێ وێنەی دووبارەی ئەم زومڕووت و گولاَڵە و ڕەشماڵانە ئەدەنە دواوە!.

جا کە ئەمانە ببینێ و بە زمانێکی نهێنی پێی بڵێن کەوا هەموویان سەرچاوەی هەڵقوڵینی لافاوی ئەو تەبیعەتەن کە نامووسی تەبیعی تەعبیریانی لە پەردەی خەیاڵی ئادەمیزادا نەخشاندووە. ئایا ئەبێ چۆن دڵی نەکرێتەوە و نەکەوێتە عالەمێکی خەیاڵبازیی وەهاوە کە دڵ و دەروون و هەموو شعوورێکی ئادەمیزادیتر گوڵاوپاشی نەکا، وە چۆن ئەبێ بانگی سەربەستی تەبیعەت بە دنیادا بڵاو نەکاتەوە و لە کانگای دڵێکی فراوانەوە نەڵێ:

**گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان　　　وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان**

یاخود نەڵێ:

**های جە شنۆی وەش ڕۆحئەفزای کاوان　　　ئای جە شاخەی تاف سافی سەراوان**

کەوابوو مەولەوییەك کە ئەمە کردەوەی بووبێت و بەمجۆرە ئاشنای بادەی مەینۆشان بووبێت چۆن ئەبێ لەباتی دیمەنی مەڵبەند و پەیکەری تەبیعەت و نازکیی سروشتی زەوقی خۆی شتێکیتر بووبێ بە هەیکەلی قیبلەنمای، بۆ ئەوە بەهۆی ئەوەوە بە تاسەوە باوەش بە ئاسۆی شیعردا بکا؟ بەڵکوو مەولەوی خۆی پێغەمبەری شیعر و زەڕنگەری خەیاڵی شیعر و پەیکەرتاشی ئاسمانی بەرزی شیعر بووە. مەولەوی خۆی سەرچاوەی ئاوی ڕوونی شیعر بووە و تینووانی بازاڕی شیعر تەنها بە فێنکی ئاوەکە دڵیان گەشاوەتەوە، نەوەك هاتبێ جۆماڵی بۆ جۆگەلەی شیعری غەیر کردبێ بۆ ئەوە لە بەراویانا باغچەی شیعر بەخێو بکا!.

بەڵێ، مەولەوی لە عەنعەناتی خەیاڵی نازکی شیعردا یادی بێسارانی و خاڵۆی کۆماسی کردووە و جارجار قسەکەیانی کردووە بە تانی ئاورێشمی تەونی زەڕ کفتی شیعری خۆی، وەکوو خۆی ئەڵێ:

**بێسارانییەن نە تۆی فەردی مـن　　　«خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن»**

وەیا ئەڵێ:

**بولەند کەر مەقام دڵسۆزی ڕاسی　　　تەزیلەش بۆ فەرد، خاڵۆی کۆماسی**

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە سۆزی شیعری بێسارانی یا تیشکی ڕووناکی شیعری خالۆی کۆماسی، مەولەوی یا سووچێ لە دڵی مەولەوییان ڕاکێشابێتە مەیدانی شیعرەوە. مەولەوییەك کە خۆی خاوەنی ئەو فیکرە نازکە وردە بێت بڵێت:

**ڕوخسارش وەختێ مەسقەڵ مەدۆ لێش وە شنۆی پاریز خەیاڵ مەبۆ ڕێش**[١]

یاخود بڵێت:

**چین کەفتەن وە ڕووی پێشانی چون سیم[٢] چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم**

پێویستی بەوە نییە کە دەماخی خۆی بە بۆنی باخچەی شیعری مەلا موستەفای بێسارانی و ئەحمەد بەگی کۆماسی چاخ بکا!. ئەوەندە هەیە ئایا ئەمانە ئەبێ چەندە گەورە بووبێتن کە مەولەوی بەو هەموو خەیاڵ بەرزییەوە شیعریانی هێنابێ و کردبێتی بە پارسەنگی شیعری خۆی و لە کانگای دڵیشیەوە ئیمانی بە شیعرەکانیان هێنابێ؟!..

ئەوا عەبدوڕڕەحیم بەمجۆرە کەوتە کۆشی تەبیعەتی شیعرەوە، چاری نەمابوو لەبەر ئەوە سەرخۆشی هەموو مەیدانێك بوو تا ما هەر ناوی شیعریی «مەعدووم» بوو.

◇◈◇

ئینجا ئێستە سەرەی ئەوە هاتووە کە باسی هەندێ لە شیعرەکانی مەولەوی بکەین بۆ ئەوە مەولەویمان لە بازاڕی ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیاتی کوردیمان لە دڵی مەولەویدا بۆ دەرکەوێ.

جارێ لەپێش باسەکەدا، مەولەوی زۆرتر لە شیعرەکانیا ناوی «ئازیز»ی هێناوە، مەبەستی «شێخ عەزیزی جانەوەرەیی مەریوانی» بووە، کە دۆستێکی گیانی بەگیانی بووە، وە «خالۆی کۆماسی»ش مەبەستی «ئەحمەد بەگی کۆماسی»یە کە هاوچەرخی خۆی بووە.

---

[١. لە نوسخەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسدا ئەم بەیتە بەم شێوە هاتووە: «بوڵەند کەر مەقام دڵسۆز وە ڕاسی / تەنزیلەش فەردگەل خالۆی کۆماسی».].

[٢. لە نوسخەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسدا ئەم میسرەعە بەم شێوە هاتووە: «چین کەفتەن نە ڕووی پێشانیش چون سیم».].

مەولەوی بەبێ پەروا ئەکەوێتە کۆڕی فەلسەفەچییانەوە و بە بیرێکی ورد و فیکرێکی تیژ لەم کەونە ورد ئەبێتەوە و لاپەڕەی مێژووی دەوران دێنێتە بەرچاو، لە پاشا خەرمانی کشتوکاڵی کردەوەی ژیانی خۆی لە گەرووی ئاشی نامورادیدا ئەهاڕێ، کوتوپڕ ئەڵێ:

**چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەرد و بەرد — دەس ئەو دەست نگین تا خاتەم ئاوەرد**
**دا بـەزم شـیرین خـوسرەو وە هـەمدا — جام دا وەسەرجەم، جەم وەسەر جەمدا**
**شۆرەتنامەی نام حاتەمەش کەرد تەی — کەرد وە کاسەکەل، کاسەی کەلەی کەی**
**ساقی، گەردی ئارد یارانی هامفەرد — مـدۆ نـە دەمـاخ ئـاسیای چـەپ گەرد**
**سـەدای ئـاسیاوچی مـەیۆ پـەیاپەی — ئـاسیاو خـاڵییەن، نـەوبەتەن سا دەی!**
**هـەرکاتێ زانـای چـەرخێ وەردەوە — چـون یـاران دانـەی مـنیچ هـەڕدەوە**
**بـە هـەر سـەردەشتێ کـشتێ کـریابۆ — وە جـۆی چـەمەی خـەم ئـاو نـەدریابۆ**
**نـەیاوابـۆ خـاس دانـەش بـەو ئـاوە — لایـق نـین بـەرۆش بـەو ئـاسیاوە**
**فـیدات بـوون ئـامان سا هورکەر با بێ — وەسەر کشتدا پەیپەی جۆ جۆی مەی**
**ئـەر سـەد کـشتەکەم ئـاخر کـارشەن — هـەفتەی ئـاخری نـەو بـەهارشەن**
**بـەڵام بـەڵ تـڵ تـڵ کـێشوێ کـەرۆ — جـەی ئـاخرەدا دانـەی وەرۆ**
**حـەیفەن تـۆ میراو سەر جۆی بادە بی — وە هـەرکەس وە قـەد کـەفاف دادە بـی**
**مـن کـشتم ڕووزەرد هـام فـەردانش بۆ — دانـەم ڕووسـیای هـامدەردانش بـۆ**[١]

ئێمە بۆ ئەوە بە تەواوی جەوهەری ئەم فەلسەفەی مەولەوییە دەرکەوێ، ناچار ئەبین کە بە جۆرێکی ورد و درێژ بچینە جەرگی شیعرەکانییەوە. کەوابوو ئەڵێ:

---

[١. ئەم جیاوازییانەی خوارەوەی لەگەڵ دیوانەکەدا هەیە:

بەیتی ٢: شیرین خوسرەو، «خوسرەو شیرین». بەیتی ٤: مدۆ، «مدۆم». بەیتی٥: ئاسیاو، «ئاساو». بەیتی ٦: هەرکاتێ زانای، «هەرکاتێت زانا». منیچ، «ئێمەیچ». بەیتی ٧: بە هەر، «نە هەر». بەیتی ٨: بەرۆش، «بەردێش». بەیتی ٩: با بێ، «با بەی». وەسەر کشتدا پەی پەی جۆ جۆی مەی، «وەسەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی». بەیتی ١٠: هەفتەی ئاخری، «هەفتەکەی ئاخر» نەو بەهار، «نەو وەهار» بەیتی ١١: تڵ تڵ، «تەڵ تەڵ». کێشوێ «کەشێوە». ئاخرەدا دانەی «ئاخرەوە داناوێ».].

ئەم دونیایە کە تۆ ئەیبینی و ئەم چەرخە کە بەرچاوت ئەکەوێ زۆر کۆنە، هەر ئەو چەرخ و دونیاکەیە، ئەوەتەی بووە و هێناویە و بردوویە، دەست هەر ئەو دەست نگینەیە، ئەوەتێ ئەنگوسیلەی هێناوە. لێرەدا مەولەوی شتێك دێنێتەوە بیر، گۆیا ئەنگوسیلەی «سولەیمان» پێغەمبەر ئەنگوسیلەی نگینە، لە دەست هەرکەسێکا بێت ئامەیەتی و هات ڕووی تێ ئەکا. جا ئەڵێ: دەست هەر ئەو دەستەیە مادام ئەنگوسیلەکە هەرچەندڕۆژ لە دەست یەکێکایە و وەفای بۆ هیچیان نییە، دەستەکان هەریەکن با جیاش بن! یاخود ئەڵێ: ئەو نگینی شەرەفی پێغەمبەریەتییە دەساودەست هات تا گەیشتە «خاتمالأنبیاء» کە «موحەممەد»ە[ ﷺ] و لەوێدا بڕایەوە. ئینجا دێت بە تانوپۆیا و ئەڵێ:

ئەم چەرخ و نگینە ئەزانی چۆنە؟ ئەوەیە کە بەزمی شیرین و خوسرەوی تێكدا، ئەوەیە کە جامی جیهاننمای کوتا بەسەر جەمشیدا و جەمشیدیشی کوتا بەسەر عالەمدا و وای تێکلاو کردن کە هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشتن. جەمشید پادشایەکی زۆر کۆنی عەجەم بووە، گۆیا لە حیکمەت ئاوێنەیەکی دروست کردووە و ناوی «جامی جیهاننما» بووە، هەموو قەڵەمڕەوی خۆی لەو ئاوێنەدا بینیوە!. دیسان ئەم چەرخە ئەو چەرخەیە کە «حاتەم»ی کوڕی «عبدالله»ی تایی ـ کە پیاوێکی عەرەب بووە و لە نان بدەییدا ناوبانگی دەرکردووە ـ لە ناوی برد و مەگەر ناو و نیشانی دەماودەم بگێڕێتەوە. هەروەها کاسە سەری «کەیکاوس»ی کوڕی «کەیقوباد»ی کەیانی کرد بە سواڵەت و لە ژێر خاکا ڕزاندی. ئەو کەللەیە کە خاوەنی ئەو تاجە بووە وا ئێستەش هەر بە شانازییەوە ئەڵێن: «تاجی کەیانی».

جا ئەم فەلەکی ناهەموارە بە هەزاران هەزار و بە ملیۆن ملیۆن هاوسەران و نەونەمامانی کرد بە گەرد و تۆز و دای بە لووتی ئاشی چەپگەردی زەمانەدا و هاڕینی. کەچی هەر تێری نەخواردووە و وەکوو ئاشەوان ئەکاتە سەر بانانا و لەسەریەك ئاش‌بەتاڵ ئەکا و ئەڵێ: وەرە پێشەوە سەرەت هاتووە بۆ هاڕین!. ها، هەر ئەوەندەت‌زانی ئەم ئاشە سوورێکی خواردەوە و دانەی لەشی منیشی ماشییەوە و هاڕی!.

ئەبێ ئەوە بزانیت کە لە هەر دەشت و دەرێکا هەر کشتوکاڵێك کرابوو، ئەگەر بە جۆگەلەی سەرچاوەی مەی ئاو نەدرابوو و جوان جوان دانەکانی بەو ئاوە تێراو نەبووبوو، ئەوە هێشتا بەکەڵکی ئەوە نایە کە بکرێت بە گەرووی ئەو ئاشەدا!. هەر ئادەمیزادێك کە لەم بەراوی گێتییەدا دێتە بەرهەم تا بە ئاوی مەعریفەتی حەقیقی و خواناسی و داوێن‌پاکی ئاو نەدرێ و تێراو نەبێ نابێ ڕوو بکاتەوە بارەگای یەزدان و ڕووبەڕووی موحاسەبەی ئەو ببێتەوە. کەوابوو لە دەورت گەڕێم، بانگ کە، با جۆگەی مەی لەسەریەك لەسەریەك بێت بۆ ئەوە لە ئاوی مەعریفەت تێراو ببم و بتوانم بچمە ڕوو. بانگ کە با ئەم ئاوی مەیە بێت هەرچەندە کشتوکاڵی عومریشم گەیشتۆتە ئاخر و ڕابوردووم بە وشکی ڕابواردووە و ئاخر حەفتەی بەهاری ژیانمە!. هەر بانگ کە بەڵکوو تەڵە تەڵەیەکی ئاهێکی تێدا مابێ و ئاو بکێشێ و لەم ئاخرەدا شیلەی تێکەوێ و دان بگرێ!. بەخوا حەیفە تۆ میراوی سەر جۆگەلەی بادەی حەق‌پەرستی و خواناسی بی و بەشی هەموو کەس بە ئەندازەی خۆی بدەیت، کەچی کشتوکاڵی من لەبەر بێ‌ئاوی ڕوو زەردی ناو مەردم و هاوسەران بێ و دانەکەی ڕووڕەشی هاودەردانی بێ، ڕوو ڕەش بێ لەلای ئەو کەسانە کە وەکوو من چاوەڕوانی دەستی تۆن و بەشی ئەوانت دابێت و منت ناهومێد کردبێ. لێرەدا مەولەوی بە هەمە جۆر ڕووی دڵی کردە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی و ئەم پاڕانەوەیە لەو بووە.

مەولەوی لە ژێر پەردەی فەلسەفە و وردەکاریدا دەستێك بۆ ئەودیوی پەردەی تەبیعەت درێژ ئەکا و ئەڵێ:

**زۆسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان ... گـێجیان لوول‌گـێچ کـلێڵەی کـاوان**
**بـەنا بـاشی بـورج بـەرزە دیـاران ... سـفیدکاری کـەرد تـاقچەی مـوغاران**
**چ شیرین زەڕگـەر هـەوای تۆفی سەرد ... گـۆشوارە نـەگۆش نـەونەمامان کـەرد**
**پـەی نـیگای بـاڵای نـەمامی بێ‌گەرد ... یـەخ ئـایێنە گـرت، تـەم چارشێو ئاوەرد**
**ئەی مەحبووبی خاس، وەی بەنای تەمام ... مەناڵوو پەی بەزم ساقی و شیشە و جام**
**ساقی باك نییەن جە سەردی «دەی» دەی ... هـەوا وەش کـەرۆ نەشئەی نۆشای مەی**

ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەیخواران / واردەی ویەردەی ویاردەی یاران
زوانەکەی سۆز و، دەسەکەی پیالە / بکیانۆ، ڕێزۆ ڕەحمەت پیالە
ڕەحمەت وە ڕووی خاك ڕستگاراندا / پیالە دا وە دەم ئینتیزاراندا
دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە / جامێ وە دەس نین، دەس وە سەرەوە[1]

ئێمە ئەبێ لەو باوەڕەدا بین کە تەنیا فیکری مەولەوی نەبێ بتوانێ ئەم تاقچە و مەغارە و تەلار و شانشینە دروست کا و مەی و مەی‌نۆشی تێدا دابنێ و بەزمی شاهانە لە وەختی زستانا بەم فیکرە وردانە بگێڕێ لە دەست کەسی‌تر نایە و ئەو فیکرە بۆ کەسی‌تر دەست نادا؛ چونکە بێجگە لە مەولەوی کەسی‌تر ناتوانێ بڵێت:

ئەوا زستان بەم تۆف و سەرمایە کەوتە گەردوونەوە و جیهانی بەجۆرێ پڕ کرد کە کڵێڵەی بەفری کێوەکان گێژ و لوولیانە. لە پاشا بڵێ: ئەو بەنا کە بورج و بارووی شوێنان و بەندەنەکانی دروست کردووە لەپاش ئەوە کە ڕەنگی هەمووی ڕشت و ژوور و ئەشکەوتی لێ دروست کرد، هێنای تاقچەی مەغارەکانیشی بە بەفر گەچکاری کرد. یاخود ئەو بەنایە کە «بورج»ە و لە شوێنە بەرزەکانایە، هێنای تاقچەی ئەشکەوتەکانی بە بەفر گەچکاری کرد. ئەوا لێرە بارەگایەکی بۆ بووکێکی تازە وەوی دروست کرد و سوارەی سەرمای نارد بۆ گواستنەوەی. دیارە ئەم بووکەش نەمامی کۆسارانە!. بەڵێ، وا بووك خرایە ڕێ و ئەگوێزرێتەوە. ئینجا باسی چۆنیەتی گواستنەوە و ئارایشی ئەم بووکە ئەکا و ئەڵێ:

وەستای زەڕنگەری تۆف چەند بە وەستایەتی گوارەی زەنگۆڵی بەفر و سەهۆڵی کردبوو بە گوێچکەی نەمامی بووکدا و وەکوو گۆشوارە شۆڕی کردبووەوە، بووك سوار کرا، لەناو کورددا ئەو ڕەوشتە هەیە کە بووك گوێزرایەوە تارایەکی بەسەرا ئەدرێ و ئاوێنەیەکیشی ئەخرێتە بەردەم. جا ئەڵێ:

---

[1]. [ئەم جیاوازییانەی خوارەوەی لەگەڵ دیوانەکەدا هەیە:
بەیتی ١: گێجیان، «گێجیایی». بەیتی ٣: هەوای تۆفی، «تۆفی هەوای». بەیتی ٤: نەمامی، «مەحبووبی». بەیتی ٥: بەنای، «بینای». بەیتی ٦: وەش کەرۆ، «وەش کەردەن». بەیتی ٨: دەسەکەی پیاڵە، «دەسەکەی ناڵە».].

ئەم بووکی نەمامی ئێمەیە بۆ ئەوە باڵای نەونەهاڵی خۆی ببینێ «سەهۆڵ»ی بۆ کرا بە ئاوێنە و «تەم»یش بە چارشێو و درا بەسەریا. بووك گوێزرایەوە و شایی و ئاهەنگە، بەڵام ئەم مەحبووبە جوانەی نەمامە و ئەم گەردوونی وەستای بەنایە بۆ بەزمی، ساقی و شووشە و جام ناڵە ناڵیانە و ئەیانەوێ یەکێك ئەم بەزمە بگێڕێ، بۆیەش ناڵە ناڵیانە، چونکە ئەمانە هەمووی بەستوویەتی کەس گوێی لە خورەی نابێ، ئینجا پێی ئەڵێ:

گیانە وا مەزانە، ساقی هیچ باکێکی لە سارد و سەرمای ڕۆژی دەی (دەی مانگ) نییە ـ «دەی» ناوی مانگێکی فارسییە و ناوەڕاست مانگی زستانە ـ[١] هیچ باکێکی لەوە نییە نۆشانۆشی مەی هەواکەی خۆش ئەکا... یاخود ئەڵێ: هیچ باکێکی نییە، چونکە دنیا کۆرپەی گۆڕانە لەسەر حاڵێك نامێنێتەوە، سبەی‌ڕۆژ خۆش ئەکا و هەوای نۆشانۆشی مەی لە کەللەمانا دەنگ ئەداتەوە، گۆیا تۆ نازانی یەکێك ئەینێژێ و یەکێك ئەیخوا، نازانی کە سەرمەشقی مەیخواران پاشماوەی بەجێماوی ڕابوردووی یارانە؟ تۆ نازانی ڕابوردوان ئەوی خواردیان، خواردیان و ئەوی لێیان بەجێما بەجێ‌ما؟ ئێمەش بەو چەشنە ئەبێ لەسەر ڕێچکەی ئەوان بین!.

ئاخ زمان بەم سۆز و گوداز و گۆرانییەوە، دەست بەم مەی و بادە و پیاڵەوە، بنێرێ و بڕێژێ ڕەحمەت و پیاڵە، بڕێژێ ڕەحمەت بەسەر خاکی مەزاری ئەوانەدا کە ڕزگار بوون لە دەست چەرخی چەواشە و لە مەزارەکانیانا چاوەنواڕیی ئەو بارانی ڕەحمەتە ئەکەن. بنێرێ پیاڵە لەب‌ڕێزەکەش بیدەی بەدەست ئەوانەوە کە ماون و چاو لە ڕێگەن و چاوی بەزەییان بڕیوەتە قاپی لێخۆش‌بوون. دیارە لەف و نەشرەکەش لەبەر چاوە. لەپاش ئەمانە ئەڵێ:

دەسا کوڕە، درەنگە با ئێمەش لەم ڕێبازەدا جامێك بگرین بەدەستەوە و سەر بخەین بە پشتا و دەست بگرین بەسەرەوە و تا دواچۆڕ بیخۆینەوە و بچینە جەرگەی یارانەوە.

---

[١. ناوە فارسییەکانی سێ مانگەی وەرزی زستان بریتین لە دەی و بەهمەن و ئیسفەند. کە دەی هەوەڵ مانگی زستانە نەك دووەم مانگ].

مەولەوی بە سۆزێکی مەعنەوییەوە ڕوو ئەکاتە مەیدانی ستایش بێژانی لەش‌ولاری خاڵ خاسان، لەو کوڕەدا بە یادی دۆستێکی دێرینەوە بادەی مەی‌نۆشانی دۆست‌پەروەرانی حەقیقی ئەنێتە سەرەوە، تەلی عاتیفەی بە شاپەڕی خۆشەویستی ئەو دۆستەی دەنگ ئەداتەوە و ئەڵێ:

**چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش    نە پەردەی دڵەی «مەعدووم»ی دڵڕێش**[1]
**نـمانا جـەمین شـای سـۆسەن خـاڵان    کـەم کـەم جـەگۆشەی لای سـیاماڵان**
**نـەتۆی تـاریکی تـای شـەدەی بێگەرد    لەتافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد**

ئەڵێ: وەکوو پەیکەری خەیاڵی ڕوومەتی خۆی لە پەردەی دڵی مەعدوومی دڵ بریندارەوە شای سۆسەن خاڵان ناوچەوانی خۆی دەرخست!. لەکوێ دەری خست؟ لە گۆشەی دەواری ڕەشەوە!، کاتێکت زانی ئەوا لەناو تاریکایی شەدە و پۆشینی ڕەشا کە لەسەری ئاڵاندبوو، وەیا زوڵفە ڕەشەکانی، جوانی نازکی دەموچاوی وەکوو ئاوی ژیان لەناویا شەپۆلی ئەدایەوە.

بەڵام مەولەوی هەروا بەسەر زارەکی وەنەبێ ئەم ستایشەی کردبێ، بەڵکوو ئەم شیعرانە کە ئێمە بەم‌جۆرە خوێندمانەوە و لێی تێگەیشتین، گەلێ قووڵترە لەم مەعنایە کە بەم‌جۆرە چووە دڵمانەوە، چونکە ئەڵێ:

ئا ئەم دۆستە کە من قسەی لێوە ئەکەم دوو وێنەی هەیە: یەکێ لە دەرەوە (الشَّبَحُ الْخَارِجِيُّ). یەکێ لەناو دڵی مندا (الشَّبَحُ الذِّهني). ئەوی لە دڵمدایە دەستکردی خەیاڵە. هێناویە ڕاستەوڕاست پەیکەری ڕوومەتی ئەوی دروست کردووە و خستوویەتە دڵی مەعدوومیی دڵ‌بریندارەوە. بەم قسەیە ئەوەی دەرخست کە خەیاڵ وێنەیەکی لە نموونەی دڵخواز دروست کردووە و لە دڵێکی تاریکا دایناوە. دڵەکە تاریکە، چونکە تا ئێستە ئەو وێنەیەی تیا نەبووە تا ڕووناك بێت. شای سۆسەن‌خاڵان وردە وردە لە گۆشەی سیاماڵانەوە ـ کە دڵیەتی ـ وێنەی ناوچەوانی دەرکەوت وەکوو چۆن لە ناکاو لە تاریکی شەودا ڕۆژ گزنگ

---

[١. لە دیوانەکەیدا لە باتی «نە پەردەی دڵەی» نووسراوە «نە تۆی پەردەی دڵ».]

بدا هێدی هێدی شەوەکە ئەکا بە ڕۆژ، ئەمیش لە دڵی مندا وابووا؛ جا لەناو ئەو تاریکی دڵەمدا کە تاریکییەکەی وەکوو شەدەی خاو وابوو، جوانی نازکی وەکوو ئاوی ژیان وابوو لە خەیاڵی وێنەی ئەو لە دڵما وەکوو جوانی زنجیرەی شەپۆلی ئاوی ژیان وابوو لەناو دەریایێکی تاریکدا!. دیسان مەولەوی گەلێ لەمە وردتر ڕۆیشتووە، چونکە باسی «مانگ»ت بۆ ئەکا لە کاتێکا کە لەبەین پەڵە هەورە ڕەشەکانا سەر هەڵئەدا.

مەولەوی لێرەدا بە پێچەوانەی هەموو عالمەکانی بەلاغە ـ کە ئەمە مەگەر هەر لەدەست ئەو هاتبێ ـ بە دوو جار تەشبیه باسی یاری خۆیت بۆ ئەکا: جارێکیان یاری ئەکا بە پەیکەری خەیاڵ لە نازکیدا. جارێکیشیان خەیاڵەکە کە «مُشَبَّه بِه»یە تەشبیهی ئەکا بە مانگ و لەگەڵ ئەم کردەوەیەدا باسێکی دەرهاتنی «مانگ»یشت بۆ ئەکا! ئەڵێ:

دۆستی دێرینم وەکوو پەیکەری تاپۆی خەیاڵ چۆن لە دڵەوە سەر هەڵئەدا ئەویش لە تۆی پەردەی دڵی مەعدوومی دڵ بریندارەوە بەوجۆرە سەری هەڵدا؛ ئینجا باس و تاریف ئەکا. ئەم تەعریفە هەم بۆ خەیاڵ و پەیکەری یارە، هەم بۆ مانگەکەیە کە دەرئەکەوێ! ئەڵێ: شای سۆسەن خاڵان ـ کە یارمە، یا مانگە ـ ناوچەوانی خۆی وردە وردە دەرخست لە گۆشەی سیامالانەوە. ئەم سیامالانە یا دڵیەتی بە چاو خەیاڵی دۆستییەوە، یا پەڵە پەڵە هەورە ڕەشە ئاودارەکانە بە چاو مانگەوە. بەمجۆرە خۆی دەرخست لە تۆی تاریکی شەدەی بێگەردی پەڵە هەورەکانەوە، وەیا [لە] دڵمەوە، لەتافەت و جوانی و فێنکی وەکوو ئاوی ژیان شەپۆلی ئەدا، دڵی ڕووناك و دونیای فێنك و ڕۆشن ئەکردەوە.

لە ڕاستیدا ئەوا مانگی چواردەیە و چەن پەڵە هەورێکی ڕەشی ئاودارە، هەموویان بە عاسمانەوەن، مانگەکە ئەڕوا و جارجار لەبەین پەڵە هەورەکانەوە سەر دەردێنێ. ئەم دیمەنە تەنها مەولەوی نەبێ کەسیتر ناتوانێ باسی بکا. ئینجا دێتە سەر ئەوە ئەڵێ:

**غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا ... وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا**
**ئەر سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم ... پەی یادگاری خەدەنگێ بەردم**[1]

---

[١. ئەم میسرەعە لە دیوانەکەیدا بەم شێوە هاتووە: «خاس بێ پەی یادگار خەدەنگێ بەردم».].

لە سارای دووریدا بووم، لەو دەشتەدا بووم کە عەودالّی یادی ئەو یارە خۆشەویستە بووم، بەلّێ لەو دەشتەدا غەریب و بێ ماوا بووم، بەلاّم غەریب‌نەوازی هەر لەدەست ئەو دێت، لایەکی لێ کردمەوە. ئەو بینینەی لەو کاتەدا کە بە خەتێکی ڕاست لە گلێنەی چاویەوە کەوتە سەر بارسایی لەشم، ئەوەی بۆ کردم بە تیرێك و بە دیاری بۆی ناردم!. ڕاستە تیری بۆ هاوێشتم و ئەنگاوتمی و تلانمیەوە و منیش وەکوو یارانی سەرخۆشان گیانم دا بەدەستەوە، بەلاّم هەر قازانجم کرد، چونکە بۆ یادگار تیرێکم بەرکەوت. ئەم یادگارە دوو ئیشم بۆ ئەکا: یەکێ دلّی مەعنەویم بەوە خۆش ئەبێ کە پێکراوی دەستی یارم. یەکێ لە ڕۆژی دواییدا ئەلّێم من شەهیدی چاوی بیمارم و ئەمەش ناو و نیشانەکەمە.

دیار بوو ئەمانە هەموو ئاگری دووری دۆستە گیانی بە گیانییەکەی ـ شێخ عەزیزی جانەوەرە ـ بوو کەوا بەمجۆرە بلّێسەی دایەوە و لەتاو لێ بڕانی لەو و لەبەر ئەوبوو کە ئەمانەی وت و دیسان پێشی ئەلّێتەوە:

**ئـازیز دیـارەن کـۆچی دوایـیمەن زایـەلّەی پـیچی مـالاّوایـیمەن**
**دەولّەتەکەی وەسلّ پا نە زەوالّەن دیـدەنی بـالاّت ئـیتر مـەحالّەن[١]**

دۆستی خۆشەویستم وادیارە بارگەی کۆچی دوایی ئەپێچێنمەوە، وا دیارە ئەو دەنگە دەنگە کە لێمەوە دێت، دەنگی نالّەی مالاّواییێکە کە لێت ئەکەم. ئاخ دەولّەتێ ـ کە پێك گەیشتن و دانیشتنەکەمانە پێکەوە ـ وا خەریکە دوایی دێت! کەوابوو جارێکیتر ئیتر دیدەنی کردن لەو بالاّیەت ـ کە ئاوێنەی بالاّنمای من بوو ـ بوو بە مەحالّ و ناتبینمەوە!

◇◈◇

مەولەوی نیوەی سەرچاوەی ژینی ـ خاتوو عەنبەری ژنی ـ کۆچی دوایی ئەکا و چەند بە سۆز ئەیلاوێنێتەوە و ئەلّێ:

---

[١. لە دیوانەکەیدا ئەم دوو بەیتە بەم شێوەیە هاتووە:
«ئازیز دیارەن وادەی لوامەن ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن
دەولّەتەکەی وەسلّ پا نە زەوالّەن جاریوتەر دیدەن بالاّت مەحالّەن»]

شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست «مُحَرَّم» ئاما «مَحْرم» شی نەدەست
ئەو خەریك نەچۆڵ شامی عەدەمدا[1] من نە «کەربەلا»ی سارای ماتەمدا
ئەو «یەزید»ی مەرگ وە ئەسیر بەردە من زادەی «زیاد» خەم پاقیر کەردە[2]
بازارەن، وادەی مامەڵەن، ساقی هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی
ڕۆ «حوسەین» ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ داخۆ سەر جە کۆ؟ لاشەم جە کۆ بۆ؟

◇◈◇

ئیمساڵ نەووەهار چون خەزانی سەرد
بەرگی وەردی باغ «مەعدووم» بەرد پەی هەرد
مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەرنە کەی؟ کێ دی؟ وەهار گوڵرێز بۆ؟
دڵ وە کەچبازی چەپگەرد بازیش کەرد[3]
جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد
بۆی «عەنبەر» نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد
نەیچی وە بێ بەزم یارانی گیانی
کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی؟
چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بۆ وە شیرینی یەك دوو نەواوە
یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە
ئەو یەك لاونۆم، یاونۆمەوە!

◇◈◇

[١. لە دیوانەکەیدا لە باتی «شامی» «شاری» هاتووە].

[٢. لە دیوانەکەیدا لە باتی «پاقیر» «یەقیر» هاتووە].

[٣. ئەم نیوە بەیتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرەیە: «دڵ وە گێجبازی چەپگەرد بازیش وەرد».].

دووریت دیارەن چەند ساحێب نێشەن
تۆی دەروون وە خار نێشێوتەر ڕێشەن
هەرچی مەوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن
هەر ماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن
هیلالش شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن[١]
نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆژ دڵشادم
شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزا وە یادم[٢]
شمشاد و نەرگس، وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئەو مارۆ وە یاد تەرزەکەی باڵات[٣]
ئێد دیدەی مەستت، ئەو خاڵی ئاڵات
سۆچنۆم حەسرەت دەردی جودایت
نەك چون بڵێسەی یادی تەنهاییت
وە مەرگت دیدەم هام نە گوزەردا
منیچ ڕای لای تۆن ئارۆ نە، فەردا[٤]
موتریب مەقامێ دەردم ناچارەن
ساقیا جامێ دۆس ئینتیزارەن

شوورا ڕۆژی دەیەمینی مانگی عاشوورایە کە مانگی موحەڕڕەمە[٥]. ئەڵێ:

شوورای عاشوورا دیسان بەزمی خۆی گێڕا، مانگی موحەڕڕەم هاتۆتەوە بۆ گریان و زاری، چونکە مەحرەمی هاوسەرم لەدەست چوو. ئەو لە چۆڵ و بیابانی ئێوارەی نەبوونی ـ یا وڵاتی شام ـ دا ئەسووڕێتەوە، من لە دەشتی کەربەلای ماتەمیدا، ئەو یەزیدی مردن هات و بە دیل بردی، من عوبەیدیللای کوڕی زیاد پێی چەقاندوومەتە قیری ماتەمیی مانەوەوە!. ئۆف بازاڕ گەرمە وەختی کڕین و فرۆشتنە، دەسا مەیگێڕیی فەلەك وەرە، ها ئەوە گیانی ئەمانەتی وەرگرە و ژیانی هەتا هەتایی پاش مردنم بدەرێ. بەیانی کە ڕۆژی دەی موحەڕڕەمە، ڕۆڕۆی تازیەی حوسەینی بۆ ئەگرم. ئاخۆ منیش دەردی حوسەین سەرم لەکوێ بکەوێ و لاشەم لەکوێ؟. سیاساڵە، ئەگینە چۆن ئەبێ؟ تەماشا ئەکەی

[١. ئەم میسرەعە لە دیوانەکەیدا بەم شێوەیە: «چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن»].

[٢. ئەم میسرەعە لە دیوانەکەیدا بەم شێوەیە: «شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم»].

[٣. ئەم میسرەعە لە دیوانەکەیدا بەم شێوەیە: «ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات»].

[٤. ئەم میسرەعە لە دیوانەکەیدا بەم شێوەیە: «منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا»].

[٥. ئەم ڕستەیە هەڵەی چاپی تێدایە و ڕاستەکەی بەم شێوەیە: «شوورا: قەرەباڵغی. عاشوورا: ڕۆژی دەیەمینی مانگی موحەڕڕەمە»].

ئیمساڵ تازەبەهار وەکوو خەزان و گەڵارێزانی قەوسی پاییزی لێهاتووە!. پەڕەی گوڵی باخی مەعدوومی هەڵوەران و بردی بۆ کێوان. ئەبێ بەخت و نگینی من پێچەوانە بێ، ئەگینە لە چە وەختێکا کەسێ دیویەتی کە لە بەهارا گوڵ هەڵوەرێ؟!.

دڵ بە کەچبازی چەرخی چەپگەرد یاری کرد و پێکەنی، چونکە ئەم ئەیویست جووت بن و بەمە گاڵتە بە چەرخ بکا، کەچی ئەو تاکی هێنا، دڵەکە لە داخا پێکەنین گرتی!، ئەم ئەیویست لەگەڵ خاتووعەنبەردا پێکەوە بمێننەوە، کەچی ئەو لێکی جیا کردنەوە!. بۆنی گوڵی عەنبەری لە سەر و مێشکم دوور خستەوە، ئای هەوای وەبای دەرد، چۆن هەلی خۆی زانی و لە دەستی بەرنەدا؟!. نەیژەنی گەروو ئەم ساز و نەوایە چییە لێتەوە دێت؟ بەبێ بەزمی دۆستانی گیانی؟! ئایا ئیتر خۆشییەك بۆ ژیان ماوەتەوە؟. نەیچی ئەوا ژیان تاڵ بوو لە هەموو سووچێکەوە. دەسا وەرە بە شیرینی، یەك دوو هەوایەك لێ بدە: یەکێکیان با بە تەواوی بمتوێنێتەوە، ئەوی‌تریان بملاوێنێتەوە و بمهێنێتەوە!.

ئاخ دوورییەکەت دیارە کە چەند بە ئێشە، تۆی دەروونم بە نێشی دڕکێکی‌تر خەراش خەراشە!. هەرشتێکم بەرچاو ئەکەوێ هەمووی شێوەی تۆی تیایە. کەوابوو دڵ هەموو دەمێ ئەبێ جەزرەبەیەکی‌تری بۆ بگا. هەر مانگێ کە نوێ ئەبێتەوە، حاڵم بەدحاڵ ئەبێ! چونکە مانگی یەکشەوەکەی شێوەی برۆکانی تۆ ئەنوێنێ، دڵم ئەکولێتەوە!. نە بە شەو ئارامم هەیە نە بە ڕۆژ، بۆیە وامە، چونکە شەو زوڵفت، ڕۆژ ڕووت ئەخاتەوە بیرم!. شمشاد و نێرگس و وەنەوشەی چەمەن، سەیرکردنیان ئازاری بینایی چاوی منن، چونکە شمشادەکە قەد و باڵاکەت و نێرگسەکە دیدەت و وەنەوشەکە خاڵە ڕەشە ئاڵەتییەکەت دێنێتەوە یادم.

ئایا ئەم ئیعجاز و لەف و نەشرە چییە مەولەوی نواندوویەتی؟!.

گیانە، بڵێسەی ئاگری یادی تەنهاییەکەت لە گۆڕەکەدا سووتاندمی!. ئەم هەر ئەوەندەی کرد، بەڵام ئاخ و حەسرەتی جیابوونەوەکەت بە جۆرێکی لێ کردم، کردمی بە قەقنەس. دیدەم، بە مەرگت قەسەم چاوم هەروا لە ڕێدا، ڕێگەی منیش هەر بۆلای تۆیە، بەڵام

نازانم ئیمڕۆژە یا سبەینی؟ دەسا موتریبی زەمانە بەزمێکی‌تر بێنەرە ناوەوە چارم ناچارە، مەی‌گێڕی فەلەك جامی مردنم بدە بە دەستەوە، دۆستم وا چاوەڕێم ئەکا!.

ئەگەر ئێمە بڵێین لاوانەوەکەی مەولەوی بۆ خاتووعەنبەر گەلێ بەرزترە لە هینەکەی «دانتی» شاعیری سەدەی سیانزەهەمی ئیتالی بۆ دۆستە جوانەمەرگەکەی «بیاترتشی»، وەنەبێ لە حەقیقەت دوور کەوتبێتینەوە وەیا قەومییەت بێنینە ناوەوە.

◇◈◇

مەولەوی بەمانەش واز ناهێنێ، ئەم پەردانە دائەداتەوە و خۆی ئەخاتە عالەمێکی‌ترەوە، لەوێدا گوڵ و گوڵزارێکە، باخ و بەهەشتێکە دڵێ هەزار دڵ حەیرانیە، بولبولی زەوقی دەست ئەکا بە فڕین لەم چڵ بۆ ئەو چڵ و لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ، شابازی خەیاڵیشی لەسەر سەرەوە لە ئاسمانی نوکتەزانی و وردەکاریدا لەنگەری گرتووە. تەنها ئیلهامێکی تەبیعی نەبێ، هیچی‌تر مەولەوی فێری ئەو شتانە نەکردووە؛ تەنها ئیلهامێکی تەبیعییە کە بکاتە کارێ مەولەوی بڵێ:

**باڵەخانەی چەم دڵ دیوانی تۆن ــــ بانەناو وە خاك ئاستانی تۆن**[1]

**تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا ــــ ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا**

ڕوو ئەکاتە دۆستی دێرینی و پێ ئەڵێ:

یاری شیرینم چاوم باڵەخانەکەتە، چونکە هەرکە سەیری تۆم کرد تاپۆکەت لە گلێنەی چاوما مایەوە، دڵم بوو بە دیواخانەکەت، چونکە بێجگە لە تۆ و لە بیرکردنەوە لە باڵای نەونەمامی تۆ، کەسی‌تری تێدا نەبوو؛ ئەوا چاو و دڵ کە یەك لەیەك بەنرخترن بوون بە شوێنی ئارامگا و باڵەخانە و دیواخانەی تۆ. باڵەخانە و دیواخانە بەبێ گڵەبان نابێ، گڵەبانەکەیان خاکی بەر قاپییەکەی تۆیە، چونکە ئەوەندە لەوێ کەوتوون، ئەو گڵە بووە بە گڵەبانیان!. جا کە خەیاڵەکەت کە لە دیواخانی دڵەکەمدا و تاپۆکەت کە لە گلێنەکەمدایە فرمێسکی

---

[١. ئەم بەیتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرەیە:

«باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ ــــ بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ»].

چاوم لەبەر دووریت بۆیان بوو بە دڵۆپە و عەزیەتیان ئەدا!، وەرە پێیەك بەو ناو بانەدا بنێ ـ کە چاوەکەمە ـ و بیکوتەوە با ئیتر دڵۆپە نەکا و بەتایبەتی خەیاڵەکەت لە دیواخانەکەدا نەڕەنجێت!.

سەردەمێ کە مەولەوی لە شاخ و کێوەکانی کوردوستانا فیکری بۆ ئەوە چووە کە تاپۆ لە گلێنەی چاودا ئەمێنێتەوە، ئاورووپا و عیلمی تازەی ئیمڕۆژ کە ئەڵێن گلێنەی چاو پیاوکوژی پێ ئەبینرێتەوە، بەبێ گومان ئەو سەردەمە ئەوان نوستبوون!.

مەولەوی بە تەنها شیعرێك یارەکەی ئەلاوێنێتەوە کە ئەمە مەگەر هەر لەدەست ئەو هاتبێ، ئەڵێ:

**قـازان قـەتاران قـوڵنگان حـەوایـی　　　حـەیفەن باڵاکەت شـەو وە تـەنیایی** [١]

یاری ئازیزی کۆچی ماڵاوایی ئەکا ئەمیش هەم ئەیلاوێنێتەوە، هەم ئەو کارەساتە ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ: لەلایەکەوە مەنجەڵەکان ڕیز کراون، ئاویان تیایانا گەرم کردووە بۆ شۆردنەکەت، لەلایەکی‌کەوە گۆڕ هەڵکەنەکان قوڵنگە و پاچەکانیان هەموو بەرز ئەکەنەوە و ئەیدەنەوە بە زەویدا بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەت. ئاخ حەیفە ئەو باڵاتە شەو بە تەنیا لە گۆڕەکەدا بمێنێتەوە، ئەوە بۆچ لەگەڵت نەبووم؟!.

مەولەوی بە دوو بەیت ستایشی ڕوومەتی ئازیزی ئەکا، ئاخۆ بێجگە لە مەولەوی کەسی‌تر توانیویە بڵێ:

**ڕوخسارش وەختێ مەسقەڵ مەدۆ لێش　　　وە شـنۆی پـارێز خـەیاڵ مـەبۆ ڕێش**
**ئـەسرینی جـەرگت دەن وە بـان نـێشدا　　　چـەنی دڵ ئـامای، ئـامانی پـێشدا**

ئەڵێ: ئەم دۆستەم کە ڕوومەتی خۆی مشت و ماڵ ئەدا ئەزانی چۆنە؟ ئەگەر خەیاڵ بەبێ چرپە و بەبێ دەنگ و سەنگ بچێتە پارێزی ئەوەوە کە خۆی لێ داگرێ و خۆی

[١. ئەم بەیتە لە دیوانەکەیدا نییە، بەڵام بەیتێك هاتووە کە نزیکە لەم بەیتەوە:
«قازان چون یاران ئاواتەخوازان　　　قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان»].

بۆ باوێژێ ئەو ڕوومەتە لەوێوە لەم کردەوەی خەیاڵە ئەڕووکێ و عەزیەتی ئەگاتێ!. کەوابوو ڕوومەتێ ئەمە کارەساتی بێ ئەرێ هەی فرمێسك! جەرگت بەر درك و داڵ کەوێ تۆ چۆن دڵت هات هاتی بەسەریا؟!.

مەولەوی باسی ڕۆژی پیری خۆی ئەکا ئەڵێ:

**پۆسی کۆسی گۆش نم کێشان کەم کەم ئەم سەرئەوسەرەن دووربینەکەی چەم**

تەماشا ئەم فیکرە ئەم کردوویەتی؟!: پێستێ کە ئەگیرێ بە تەپڵا ئەبێ ئەوەندە وشك بێ زرنگەی لێوە بێت، هەتا وشکتر بێ دەنگی زیاتر لێوە دێت، هەتا تەڕ و خاوتر بێ دەنگی کپتر ئەبێ. ئەمیش ئەڵێ: پێستی تەپڵی گوێچکەکەم وردە وردە وا لەبەر پیری نمی کێشا و دەنگی لێوە نایە کەڕ بووە، دووربینەکەی چاویشم ئەمسەر و ئەوسەر بووەتەوە، واتە: دوور بە نزیك و نزیك بە دوور ئەبینێ، پیاو کە پیر بوو چاوی هێزی نامێنێ ئەو شتە کە لە نزیکەوە ئەبینرێ پێویستە ئەو تۆزێ دووری خاتەوە ئەو وەختە ئەیبینێ، ئەوەش کە دوورە خۆ هیچ!.

شێخ عەزیزی ئاشنای لە سنە «ئاوڵە» دەرئەکا، مەولەویش گۆیا باسی ئەکا و ئەڵێ:

**چین کەفتەن وە ڕووی پێشانی چون سیم چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم**

ئەڵێ: دۆستی ئازیزم لەتاو ژانی ئاوڵە کە ناوچاوی هێنابووەوە یەك، بەڵام ئەو ناوچاو هێنانەوەیەکەی چۆن بوو؟ بەجۆرێك بوو کە پێشانی ـ ناوچەوانی ـ وەکوو زیو لە تاو ئازار لۆچی تێکەوتبوو. جا ئەو ناوچەوان و لۆچە لە زنجیرەی وردە شەپۆلی ئاو ئەچوو کە «با» لەسەر دەریاچەیەکی پاك و خاوێن و ڕوونەوە دروستی ئەکرد!.

بە دۆستی ئەڵێ:

**دیدە هێند خەیاڵ باڵات بی تێشدا ڕاگەی خاو نەبی بویەرۆ پێشدا**

ئەڵێ: چاوم ئەوەندە بە خەیاڵ سەروباڵای تۆی هێنابووە ناو خۆیەوە، خەو هەرچەندی کرد سووچێکی تیایا دەست نەکەوت کە ستاری تێدا بگرێ!.

مەولەوی لە هەڵەبجە لەبەردەم «شێخ مەحموود»ی باوکی موفتی هەڵەبجەدا وەستابوو، فەرەنجییەکەی لەبەرا بوو، گاڵۆکەکەی بە دەستەوە بوو، سەری خستە سەر گاڵۆکەکە و لە پاشا سەری بەرز کردەوە و وتی:

**گوڵ چون ڕووی ئازیز نزاکەت پۆشان     وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان**

ڕووی کردە شێخ مەحموود و پێی وت: تەماشاکە ئەم قورمساغە چە فیکرێکی کردووە؟! مەبەستی خۆی بوو. ئایا بێجگە لە مەولەوی کێ‌تر بێ بتوانێ ئەم جۆرە تەشبیهە ڕێکخا و بڵێ ئەو جوانی و نەزاکەتە کە لە ڕووی گوڵدایە، ئەوە وەکوو هی ڕووی ئازیزم وایە، بەفراوی کوێستانان کە ئەتوێتەوە ئەوە لە لافاوی فرمێسکی خۆشەویستی من ئەچێ!. مەولەوی تەنها بەم شیعرەی بە جارێ ئەدەبی کوردی هەڵگێڕایەوە، زۆر حەیفە تا ئەم شیعرە وەستابێ ئەهلی بەلاغە و بەیان بڵێن: «أبوحنیفَةَ کأبي یوسُف»!.

توخوا چاوێکت لەم شیعرەی مەولەوی بێ کە ئەڵێ:

**بیکۆڵ وەی‌وە کۆڵ پەی زەردانی دەرد     ماساو جە سەراو ڕێزاو هەرزان کەرد**

ئایا ئەم شیعرەی مەولەوی بەچی ئەزانی و چۆن مەعنای لێ ئەدەیتەوە؟ هیچ سەرت تیایا سڕ نامێنێ؟ جا بۆ ئەوە تۆزێکی لێ تێ‌بگەین ئەڵێین:

جارێك تازە بووکێك زەردووی گرتبوو ـ گۆیا زەردوویی‌دار تەماشای ماسی بکا زەردوویەکەی لە کۆڵ ئەکەوێ ـ ئەمیش هەڵئەستێ ڕوو ئەکاتە ئەو چۆڵە تووشی کانیاوێك ئەبێ لە بناری «هانەسوورە» کە ماسی تێدا ئەبێ و دار «بی»یێك لقی بەسەر کانییەکەدا شۆڕ کردبووەوە، ئەچێتە سەر لقی دار بییەکە سەیری ماسییەکان بکا لەناو ئاوەکەدا. مەولەویش لەو وەختەدا بەسەرا ئەچێ تەماشا ئەکا ماسییەکی زۆر کەوتۆتە سەر ئاوەکە، تومەز ئەمە «بووك»ە هەر تەماشای ماسییەکانی کردووە مردوون و کەوتوونەتە سەر ئاوەکە!. ئەمیش ئەڵێ:

«بیەکۆڵ»ەی وەوی لە کۆڵ، کە بۆ ئەوە هاتووە دەردی لە کۆڵ کەوێ! بەهۆی دەردەکەیەوە ئەوەندەی ماسی ڕژاندە سەر ئاوەکە هەرزانی کردا.

مەولەوی کە چاوەکانی کوێر ئەبێ ڕوو ئەکاتە دڵخوازەکەی و پێی ئەڵێ:

**وەختێ چەم نە چەم شێوەت دیار بی　　جەلام فەسڵو وەسڵ بەزمی ئەغیار بی**

**ئیستا لێلایی گرتی دوو دیدە　　خەلوەتەن سا بۆ هەی بەرگوزیدە!**

مەولەوی ئەو سەردەمەی کە دۆستی چاو پێکەوتووە، چاوی خۆی بە بێگانە زانیوە لە بەینیانا، ئەڵێ: ئەو وەختە کە چاوم بە چاوت ئەکەوت و شێوەت دیار بوو ئەوە بەزمی بێگانەیەك بوو کە چاوم بوو، ئێستە وا لێلایی داهات، وەختی خەڵوەتە کەس لە بەینمانا نییە، بەزم هەر ماوەتەوە بۆ دڵم و خۆت! دەسا وەرە.

◇◈◇

لەگەڵ ئەمانەشا مەولەوی پیاوێکی قسە نەستەق و بەزمچی بووە، زۆری حەز بە قسەی خۆش و نوکتە کردووە، وەکوو ئەوە جارێك ئەچێتە «پاوە» میوانی مەلایەکی پاوەیی ئەبێ، سێ ڕۆژ لەوێ ئەبێ هەر «توو» و «دۆ»ی بۆ دائەنێ. لەپاش سێ ڕۆژە ئەیەوێ بگەڕێتەوە، مەلا پێی ئەڵێ: مامۆستا زوو ئۆغرت کرد، مەڕێکم بۆ دانابوویت بۆت سەر ببڕم. ئەمیش ئەڵێ: کەواتە سوێندم وابێ تا نەیخۆم نارۆم!. مەلای هەناسە سارد ئەچێتە تاسەوە.

جارێك مەولەوی پیاوێکی ئەبێ لەگەڵ خۆی هەڵیئەگرێ و بە نیازی حەج لە «سەرشاتە»وە بەڕێ ئەکەون تا ئەچنە بەغدا و ئەچنە تەکیەی «شێخ عەبدولقادری گەیلانی»؛ لەوێ مەولەوی نەخۆش ئەکەوێ و ئەکەوێتە حاڵی خۆیەوە، پیاوەکەی کە ئەزانێ وا مەولەوی تازە ڕزگاربوونی نییە، هەڵئەستێ هەچ پارەیەکی پێ ئەبێ لە باخەڵی دەردێنێ و پێی لێ ئەکا بە پشتا بەرەو ماڵ!. وا مەولەویش لەوێ لە گیانەڵادایە. کە دێتەوە هەر لە دوورەوە خۆی ئەنێتە قوڕ و دەست ئەکا بە «باوە مەولەویم ڕۆ». ئەڵێ: باوە مەولەویم لە بەغدا نەخۆش کەوت و مرد، خۆم ناشتم و پارەی حەجەکەشم بۆ کرد بە خێرات!. ماڵی مەولەویش ئەکەونە شین و شەپۆڕ و گریان، لە پرسە ئەبنەوە و دوو مانگێکی پێ ئەچێ، مەولەوی نامرێ و بەڵام پارەی پێ نەماوە، پەکی حەجەکەی ئەخا و ئەگەڕێتەوە. ڕۆژێ قوت ئەکا بە ماڵا!. کابرای پیاوی کە ئەمە ئەزانێ هەڵدێت و ئەداتە کێو. کوڕەکانی مەولەوی

دەستی لێ ئەدەنە تفەنگ، مەولەوی ئەڵێ دەستی لێ مەدەن هەرچی بووە بووە خۆ من وا هاتمەوە. کە کابرا ئەگرن و ئەیهێننە بەردەم مەولەوی، پێی ئەڵێ: برا، خوا ڕووی مردن ڕەش کا وا تۆی شەرمەزاری لای من کرد، ئەگەر بمردمایە تۆ بۆچ ئەم خەجاڵەتییەت بەسەرا ئەهات؟!. لە پاشا بەرەڵای ئەکەن.

جارێك لە سنە لە کۆڕێکا ئەبێ، لێی ئەپرسن: تۆ هەر ئەڵێیت هۆزەکەم خۆشیان ئەوێم و بە گەورەم ئەزانن، بە چییا پیشانی ئەدەیت کە ڕاست ئەکەیت؟ مەولەویش ئەڵێ: خۆ ئەگەر هیچ نەگێڕمەوە ئەمە بۆ من بەسە هەورامییەك کە بارێکی ئێجگار گران لە کەرەکەی ئەنێ، ئەیەوێ بە ملەی «ئەوێهەنگ»دا سەری خا بەڵام کەرەکە نارِوا، پێی ئەڵێ: هەچە دەی، بەخوا ئەگەر وەکوو مەولەویش بی هەر سەرت ئەخەم!.

مایەوە سەر ئەوە کە ئایا مەولەوی بۆچ بە شێوەی هەورامی شیعری وتووە؟ لەگەڵ ئەوەشا خۆی هەورامی نەبووە؟ ئەمە یەکەم لەبەر ئەو کارەساتە بووە کە لە لاپەڕەی ١٧٤ ـ ١٧٨دا قسەمان لێوە کرد. دووهەم لەبەر سۆزی مەعنەوییاتی شێخ وەسمانی تەوێڵە بووە، شێخ وەسمان لە بازاڕی تەسەووفدا قیبلەنمای مەولەوی بووە و زمانی شێخ وەسمان زمانی هەورامی بووە، لەو ڕۆژەوە کە شێخ وەسمان بەم دوو شیعرە ڕوو ئەکاتە مەولەوی و پێی ئەڵێ:

**یـا کـاغەز وڕیـان یـا مـەڵا مـەردەن ‌ ‌ ‌ یا هەر عارتەت دۆس وە یاد کەردەن**
**غـەمگین مـەنیشۆ غـەم بـدەر وەبـاد ‌ ‌ ‌ فـەڵەك نـمازۆ کـەس وەخـاتر شـاد**

وە مەولەویش لە وەڵاما ڕوو ئەکاتە موڕشیدی پایەبەرزی و بە برِە شیعرە بەناوبانگەکەی کە ئەمە دوو شیعری هەوەڵیەتی و ئەڵێ:

**شێخی دەوڵەمـەن بـەهرەی سـەرمەدی ‌ ‌ ‌ یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی**
**جـە وارگـەی مـەنـزڵ فـەنا ویـەردە[١] ‌ ‌ ‌ پـای هـەردەی بـەقا یـاتاغگە کـەردە**

ئیتر زمانی شیعری لە خۆشەویستی شێخ وەسمانی تەوێڵەوە ئەبێ بە زمانی هەورامی.

◇◈◇

[١. لە دیوانەکەیدا ئەم نیوە بەیتە بەم جۆرە هاتووە: «جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە».].

کەوابوو ئێستە مەولەوی چۆن هاتە پێش چاو و لە چەند پەردەدا دەرکەوت؟. مەولەوی بەبەرزتر ئەدەبێکی کورد هاتە پێش چاو و لە پەردەی فەلسەفە، تەسەووف، غەرام، مەفتوونی دیمەنی تەبیعەت، شاعیرێکی زۆر وردی بیرتاش، نوکتەزان و فیکر بەرزدا خۆی نواند. بەجۆرێك خۆی نواند کە هەرە شوێنی بەرزی لە مەیدانی ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ خۆی تەرخان کرد و بوو بە مامۆستای مامۆستاکان.

دیوانی شیعرەکەی «حاجی تۆفیق پیرەمێرد» بە ناوی «ڕۆحی مەولەوی»یەوە شیعر بە شیعر خستوویەتە سەر شێوەی سولەیمانی. لە ساڵی ١٩٣٥دا بە دوو بەرگ لە چاپخانەی «ژیان» لە سولەیمانی بۆ جاری یەکەم لەچاپی داوە. هەروەها دیوانێکی کوردی و فارسیشی بەناوی «العقیدةالمرضیّة»وە لەلایەن «محيالدّین صبری نعیمی»یەوە لە ساڵی ١٣٥٢ی هیجری لە میسر لە چاپخانەی «سعادة» بۆ جاری یەکەم لەچاپ دراوە. دیوانێکی عەقائیدی عەرەبی زۆر بەرزیشی هەیە کە سەرەتاکەی بە:

«مَتیٰ أتَیٰ حَتّیٰ أتیٰ إلَیْهِ[1] مِنْ أیْنَ أیْنٌ یُنْتَمیٰ إلَیْهِ»

دەست پێ ئەکا هێشتا لەچاپ نەدراوە.

هۆی دانانی ئەم کتێبەی ئەوە بووە لە ١٨٥٥ هەر بەهۆی فرمانێکی شێخ وەسمانی تەوێڵەوە ئەچێتەوە بۆ «سنە»، ڕۆژێك لە ماڵ «مەلا موحەممەد ساڵح فەخرولعولەما»دا ئەبن، «مەلا لوتفوڵڵا شێخولئیسلام و مەلا موحەممەد ئەمینی ئەمینولئیسلام و مەلا فەتحوڵڵا قازی» و گەلێکی تر لە عالمەکانی سنە لەوێ ئەبن، وردە وردە بەدەم قسەکردنەوە باسەکەیان ئەچێتە سەر عیلمی کەلام و عەقائید تا ئەگەنە باسی «لاهُوَ وَ لا غَیْرُهُ» کە گۆیا سیفەتەکانی خوا نە زاتی خوان و نە جیان لە خواش. لەوێدا مەولەویش ئەکەوێتە قسەکردن لێوە، کوتوپڕ مەلا فەتحوڵڵای قازی ئەڵێ: باوە، مەولەوی تۆ چەت داگە بەسەر ئەمەوە؟ بچۆ ئامان

---

[١. سەرەتای عەقیدە عەرەبییەکەی بەم بەیتە دەست پێ‌دەکات:

«بِسم الله الرحمنِ الرَّحیمِ مَنْ تاهَ فیهِ نُهیةَ الحکیم.

وە ئەم نیوە بەیتەیش بەم شێوەیە: «متیٰ «متیٰ» حتّیٰ أتیٰ علیهِ».]

لەرزانەی خۆت بێژە؟!. ئەم قسەیە زۆر کار ئەکاتە مەولەوی، تەنانەت دانیشتووەکانیش ئەمەیان ئێجگار پێ ناخۆش ئەبێ کە ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەو عەقائیدە عەرەبییە دائەنێ بە شیعر، نوسخەیەکیشی لێ ئەنووسێتەوە و ئەینێرێ بۆ مەلا فەتحوڵڵا. ئیتر خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ هەورامان. کە مەلا فەتحوڵڵا سەیری ئەکا هیچی لێ نازانێ. بە کۆششێکی زۆر لەپاش ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو وەختە لە قسەکانی ئەگا!. ئینجا هەڵئەستێ کاغەزێکی دڵنەوایی و لێبوردن ئەنووسێ بۆ مەولەوی و ئەڵێ: ئاخر سەلامەت بی مەولەوی! تۆ کە مەلایەکی وایت، نەخۆت بشارەوە نە مەردمیچ شەرمەزار بکە!.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دیوانەکەی مەولەوی کۆکردووەتەوە، خۆی شەرحێکی لێ‌کردووە، لە ساڵی ١٩٦١دا لە چاپخانەی نەجاح لە بەغدا لە چاپی داوە بۆ جاری یەکەم.[١]

◇◈◇

[١. مەولەوی لە پاش خۆی سەرجەم چوار پەرتۆکی لێ بەجێماوە:

یەکەم: «الفضیلة»یە کە ٢٠٣١ بەیت شیعری عەرەبییە لە زانستی کەلام و عەقایددا کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ ئەکات:

«بسم الله الرحمنِ اَلرَّحیمِ       مَن تاهَ فیهِ نُهیةَ الحکیمِ»

دووەم: «عەقیدەی مەرزییە»یە کە ٢٤٥٢ بەیت شیعری کوردی سۆرانییە و ئەویش هەر لە زانستی کەلامدایە و سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە:

زوبدەی عەقیدە و خولاسەی کەلام       هەر لە تۆ بۆ تۆس حەمد و سەنای تام

سێهەم: «فوائح»ە کە ٥٢٧ بەیت شیعری فارسییە ئەویش هەر لە زانستی کەلامدایە و سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە:

«چو در خود بینم از بس رو سیاهی       نگنجد ای الهی یا الهی»

چوارەم: دیوانی شیعرە کە بە کوردیی هەورامی وتوونی و ٢٤٣٨ بەیتە. ئەم چوار پەرتۆکە هەر چواریان لەلایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و کوڕەکانی (فاتیح و موحەممەد) کۆکراونەتەوە و شەرح و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و لەچاپ دراون.]

# دوایی

خۆم گەلێ بە بەختیار ئەزانم کە خوا یارمەتی دام و توانیم لە ماوەی چەند ساڵدا بە کۆششی فکری و ماڵی ئەم کتێبە ـ کە مێژووی ئەدەبی کوردی ـ وەیا بە واتەیەکی فراوانتر «دائرةالمعارف کوردی»یە، بێنمە بەرهەم و پێشکەشی بکەم بە قەومی خۆشەویستی کورد و بە هەموو بێگانەیەك. ڕەنگبێ بزانرێ کە ماوەیەکی درێژ قەڵەمی نووسەرەکانی کورد لەسەر لاپەڕەکانی «گەلاوێژ» ـ ئەو گەلاوێژە کە تاقە گۆڤارێکیان بوو ـ ئیشی ئەکرد، منیش بە شانازییەوە ئەموت دوو گوڤاری «گەلاوێژ» و «نزار»تان پێشکەش ئەکەم. کە ئەوان ئاوا بوون، من هەر مامەوە. هەر ئەو مانەوەیەم بوو کە هێنام ئەدەبی کوردیم کرد بە کۆشکێك و بە دونیایەك. بەڵام نەك بە کۆشکێکی دار و بەرد. چونکە ئەو جۆرە کۆشکانە خۆیان ناگرن لەبەر پلاری گەرمای هەتاوی هاوین و سەرمای بەفری زستانا، زوو تیا ئەچن. کردم بە کۆشکێك نە باکی بە کلّپە و بلّێسەی هەتاوی هاوین بێ، نە بە تۆف و کرێوەی بۆرانی زستان. تا دونیا دونیا بێ وەکوو نیشانی سەر تاجی پادشاهان هەر ببریسکێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە ئەدەبی کوردی و قەومی کورد بچنە ڕیزی ئەدەب و قەومی عالەمەوە. جا هیوادارم ئەو قەومە ئەم دیارییەم لێ وەربگرن و ئەوان ئەم دونیای ڕۆحییە بکەن بە دیاری بۆ جیهانی ئێستە و لەمەودوا.

**٣ ربیع الأول ١٣٧٢، ٢١ تشرینی دووەم ١٩٥٢**

**بەغداد/ عەلائەددین سەججادی**

◇◈◇

# یاد و شینی مامۆستا عەلائەددین سەججادی
# لەلایەن دوو کەڵەنووسەری کورد
# هەژار موکریانی و مەسعوود محەممەدەوە

## یادی مامۆستا سەججادی بە پێنووسی مامۆستا هەژار

دۆستێکی زۆر خۆشەویستم ڕووی لێ‌ناوم، چونکە چەند ساڵ لە بەغدا دەگەڵ عەلائەددین ژیاوم، زۆر لە نزیکەوە دیومە و بە هەموو باران ناسیومە، بە یادی کۆچی یەکجاری کە ئەم بەیانییەی ڕووی داوە کورتە وتارێك بنووسم.

من گەرەکمە نووسینەکەم تایبەتی بە تاکێك نەبێ، دەگەڵ ڕێز لە نووسەرگرتن، سەرکۆنەی ئەوانەش بکەم کە بە دوو ڕبان دەپێون و هەر تاوێ جۆرێ داخێون.

جارێك لە گۆواری «هەولێر» کە لە هەولێر دەردەچوو، خەبەرۆکێکم نووسیبوو کەچی لەبەر بەختی کەچم دەچاپداندا تێك درابوو، کەس تام و چێژەی لێ‌نەکرد: کورتەی باسەکەش ئەمە بوو: "ڕۆژێك سەیری دووکانێکی بەغدام دەکرد، چەقەڵێکی مۆمیایی کراوی لێ‌دانرابوو، لە ژێر قاچیەوە نووسرابوو «بیست و پێنج دیناری تەواو» من سەری

زمانی خۆمم گەست، هات بە دڵما، هەیاران! ئەم مام چەقەڵە موحتەرەمە ئاخۆ دەبێ بە زیندوویی سەر شاعیر، نووسەر، هونەرمەندێکی کورد بووبێ، لە ژیانیدا لە برسان و لە ترسان شۆقرەی نەبووبێ و ئێستاکێ لاشەی مۆدکی بەم دەرد و مەخسەرە چووبێ؟ کێ ئەزانێ؟ هەزاردانە بە زیندوویی فلسێ ناژین کەچی یەکێك بە مردوویی بایی بیست و پێنج دینارە! بە خوا سەیرە! لە درێژایی مێژووی پڕ نەگبەتی کورددا، هەر شاعیر، هەر هونەرمەندێك لەناو کورددا هەڵکەوتبێ و هونەرەکەی بە زمانەکەی خۆی ڕانابێ و شیعری بە کوردی دانابێ، هیچ‌کەس ئاوڕی وێ نەداوە، بە سووك تەماشای کراوە. بووەتە مەسەل: هەرکەس پینەی پێوە دیار بێ، جلکی شڕ و بە تیتۆڵ بێ، کەوشی چەك و بە بزمار و لار و خوار بێ، دەڵێن لاچۆ تەرحت هەر لە شاعیر دەکا! کەس تەنانەت تووشی بە کڵاوی ناپێوێ، کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەند؟".

هەر بۆیشە زۆر لە نووسەرانی بەچکە کورد، لەبەر ناچاری و هەژاری وەزوان نامۆیان نووساوە و خۆیان و مناڵ و کاڵیان لە مەرگی بێ کوللێرەیی لە پەنایەك حەشار داوە. نامەوێ مەلا جزیری و خانی و نالی و حاجی و مەولەوی و زۆری‌تر لەو کەسانەی ئێستا مایەی شانازی کوردەکانی کوردستان و کورد ناسانن بۆ نموونە بهێنمەوە، لازم ناکا مێژووی کۆنتان بۆ بخوێنمەوە، ئەمەوێ هەر سەرچڵی و مەویژ نموونەی کەویژێك ئەوانە وەبیر بێنمەوە، کە هاوچەرخی خۆمان بوون و دەماناسین.

"مەلا مارفی کۆکەیی" ئەگەر بێژم لە برسا مرد ڕەنگە باوەڕم پێ‌نەکەن چونکە ئەو دەم نانی وشك زۆر هەرزان بوو.

"مەلا ئەمجەد" ئەو هونەرمەندە بێ‌وێنەی کە نازناوی شیعری "کاك" بوو، ئاغای لێ ببووە ڕمووزن و لە چەند جێ دێ‌بەدەریان کرد.

"قانیع" تا مرد نان و دۆی خۆی ڕۆژێك لە پەنایەك نەدیت.

"حاجی تەوفیق پیرمێرد" کە حاڵی ماڵیشی خۆش بوو، هەر چونکە کمۆنیست نەبوو، کەس ڕۆژنامەکەی نەدەکڕی، دەیانگوت دەستندە خۆری ئینگلیستانە.

"فایەق بێ‌کەس" کە چریکەی گوێی دوژمنانی کەڕ دەکرد، دوو لێفەی لە ماڵدا نەبوو کە خۆی و منداڵەکانی پێ‌داپۆشێ بە قەرزداری جوولەکەی ئارەق بەقەرزدەر مرد.

"گۆران" ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ئەدەبیاتی کورد، بۆ دابین‌بوونی بژێوی دەگاتە یافای فەڵەستین وتاربێژی ڕادیۆی «شەرقی ئەدنا» بێ.

"جگەر خوێن" پەنجا ساڵ پتر بۆ شیعر و چیرۆکی کوردی چەوسایەوە، لە جیاتی نان، خوێنی جگەری خۆی دەخوارد. چەندە لە کوردستان ژیا و من دەمناسی گەسك لێدەری کۆڵانان لەو تێرتر بوون، کەس ئێرەیی پێ‌نەدەبرد...

خودا ویستوویە ئامیانی ژیانمان بمێنێ، چەند کەسی وا بخوڵقێنێ، زۆر گوێ نەدەنە نان و ئاو، بێ بەرگ و پێڵاو ڕابوێرن، لە گۆشت و پلاو واز بێنن. دڵ دان بە کیژی دنیایی، ئەوینی پاکی خودایی، خۆشەویستی زێدو خزمان، هانیان بدا هەستی ناو دڵ و هەناوان، بە زوانەکەی دای و باوان بدرکێنن، ڕووپەڕانی پێ بڕەنگێنن، ڕەنگە لەبەرخۆ گوتبێتیان: خۆمانە بێ و دۆمانەبێ، نەك بە زوانی بێگانە بێ.

جزیری و خانی سەرپلی کوردی نووسینیان خۆش کرد و بەر و دوای یەك بوێژانمان داویانەتە سەر ڕچەی ئەو دوانە بۆیان شکاندووین و ئەوانەی تێیان گەیاندووین بە کوردی نووسین ڕەوایە، ئەگەر چەند دەور و زەمانێك کورد هەر برێتی لە بەیت و هۆتە کۆنە بوو، دیسان شوکرانەبژێرین کە لە سایەی ئەوانەوە، زۆربەی وشەی زمانمان پارێزرا و لە بارەی مەبەستەکانی جۆراو و جۆری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە، زۆر هەژارتر لە خەڵکانی‌تر نەماینەوە. خۆ دیاریشە پەخشان‌نووسین بۆ پاراستنی زمانمان لە شیعر و هۆتە باشترە؛ چونکە مەیدانی نووسینی نەسر و پەخشان تا بێژی پان و بەرینە، نووسەر ڕیشی دەبەر دەستی وەزن و قافیە و هەیت و هووتی‌تردا نییە، خودا و ڕاستان لەم چەرخی چاردەهەمینی ئیسلامیدا ئەم دەروەشمان لێ‌کراوە و پەخشان و داستان‌نووسمان لێ‌پەیدا بوون، ئێستا زۆری وامان هەن، بە هۆی نووسینی چیرۆك و کردەوە کۆیی دیرۆکان دەستەبەری هەرمانی کوردییەکەمانن.

یەکێك لەو پەخشاننووسانە لە زەبرانە «سەجادی» بوو کە دەمەوێ یادی بکەم.

پێش حەفتا ساڵ لە ماڵی مەلێی سنەیی منالێك هاتە سەر دنیا، ناو «عەلائەددین»یان لێنا، ئەلف و بێشکەی پێ خوێندرا و نرایە بەر فەقێیەتی، بە نانی دەقنە خواردن و بە ئالیبابا ڕابواردن، سوختە بوو بە موستەعید و موستەعید کرا بە مەلا، چۆن مەلایەك؟ لە عارەبی و فارسی و کوردی وریا و پیتۆڵ؛ بەڵام جلك شڕ و شۆڵ و تەبەك و باخەڵ چۆڵ و هۆڵ. دەگەڕا بە شوێنی ناندا لە بەغدایە گیرسایەوە. لە سایەی چەند خێرەومەندێك بەگیرە گیر پێش‌نوێژێکی لە کونە گورگێکا دەس کەوت، کە ناو نرابوو مزگەوت. حوجرەیەکیش بۆ جێ خەوی مەلا هەبوو، سەد خۆزگە بە حوجرەکەی نالی. من ناوم نابوو کونە ڕەش، بە ڕۆژ دەبوو چرا هەڵکا، بە شەو چۆنی تێدا هەڵکا؟ هەر خۆی و خودا بیزانێ.

ئاوارەیە، غەوارەیە، گوناهی هەرە گەورەش کوردبوونیەتی ساڵەهای ساڵ، ڕۆژ و شەو و کات و ساتی لەو حوجرەدا لەسەر حەسیر ببووە سیپاڵ، جا مەگین چلۆنکایی با دەنا هەرگیز ئەو زیندانەی جێ نەدەهێشت. هێشتاش هەر لەوە دەترسا کوردی نامەرد، ـ کە ماڵم هەقە زۆریش بوون ـ تۆمەتی ئێرانیبوونی بە ملدا بدەن، لە پاش گرتن و جزیادان بۆ ئەو دیو سنووری ڕادەن. ئەو نانە وشکەشی بچێ کە ئێستا بێ‌منەت دەیخوا.

جا لە کاری پێش‌نوێژییەکەی هەر پێنج‌فەرزان کە بە حاڵ نان و بژێوی لێ‌دەردەهات بە ڕۆژ و بە شەو بێکار بوو، بێکار لە بەهەشتیش بژی وەڕەز دەبێ، خۆی لە کن خۆی ناحەز دەبێ و قیزی لە خۆی دەبێتەوە.

خۆی نەمازە، سەجادیی کۆنە گەڕیدەی دنیا دیدەی قسەزلی بە باڵا چووکی وا لەش‌سووك بە بێکاری لە ژوورێکی ڕەش و برشی تەسك و باریك و شێدار و ئاوا تنووك و تاریکدا دەس لە بان دەس کارێ نەکا!. هەر دەشژی، با مەرەکەب لە قورم و مازوو دروس‌کا، قەفە چیتك و کاغەزی کاش زۆر هەرزانە، با بەختی لە نووسین تاقی کاتەوە.

بەختی لەم ئەزموونە گرتی: بۆ یەکەم جار لە گۆواری "گەلاوێژ"دا ناوی سەجادی خۆی نواند. نیزیك دە ساڵ ئەم ناوەمان لەسەر بەرگ و ناوەڕۆکی ئەو گۆوارە بایەخدارە

دەخوێندەوە. ئیتر بەری بەرهەمدانی کرایەوە، وردە وردە بووژایەوە، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، باسی شۆڕشەکانی کورد، گەشت و گوزار، نامەکانی، فەرهەنگۆکی بە عارەبی و فارسی و کوردی، کتێبی ڕشتەی مرواری، کە ئێژن بوویتە هەشت بەرگ، بەرهەمی عەلائەددین، ئەمە جگە لە وتاری ناو ڕۆژنامە و ڕاوەی شیعری شاعیران و زۆری‌تریش کە هەژماردنیان دژوارە.

زۆر سەبووری بە من دەهات زۆر جار لە کونە ڕەشەکە سەرم دەدا. بەیتێکم بۆ وەرگێڕابوو بۆم خوێندەوە:

**تۆ نەمردووی ئەی عەلائەددینی سەجادی نەسەب_**

**خاوەنی مێژووی ئەدەب، پیش‌نوێژی پێخواسی عەرەب_**

دەیگوت: ئەرێ پێخواسەکە منم یان پاش‌نوێژەکانمە!!

لەو ژیانە پڕ لە ژانەدا تەمەنی گەییە حەفتا ساڵ.

ئەو بەرهەمەی لەو بە میرات ماوەتەوە هەر وشە کوردییەکانی بێ و هیچی‌تر نا، دەتوانین فەرهەنگێ قەبەی لێ پێك بێنین و بیکەینە مایەی شانازی و بە عەلائەددین بنازین[1].

◇◈◇

---

١. گۆڤاری سروە هاوینی ١٣٦٤ی هەتاوی. بەشێك لە نووسراوەکانی مامۆستا هەژار کە پەیوەندی بەم باسەوە نەبوو، نەمان‌هێنا.

# سەجادی لە سەرەتای نەمریدا

مەسعوود محەممەد

ئەم ئەرزە گێل گێل بە ئاسمانی بەریندا دەخولایەوە بەرەو هەوارێك قورسایی تەرمی "وەهبی" تێدا هەست پێ کردبوو بەسەر تۆپەڵەی سەریەوە...

هێشتا سووڕی تەواوی نەدابۆوە،

ملی کەوتە سەر سنگ لە ژێر قورسایی تەرمی سەجادیدا...

ساڵێکی نەبردبوو چرای دووەممان کوژایەوە...

چرا نەکوژایەوە، وشکایی نەوتی هات...

سفتوسۆی مەرگی غەریبانەی "وەهبی" جارێ لە دڵاندا کزەکزی بوو سەجادی پشکۆی تازەی نا بە جەرگەوە...

ئەرزی خۆمانە و دەیناسم: ناتوانێ بە کەللە دوو کەڵە مەیت هەڵگرێ، گەردنی چەمایەوە و دەستی نایە ئەژنۆ، لەگەڵ خەڵقدا بۆ خۆی گریا:

خۆت خۆش ئەرزی ماد و زەردەشت! لە جەزیر و بۆتانەوە بە بادینان و بابانەوە تا موکریان و ئەردەڵانت، خۆت خۆش هەموو کوردستان لە سنووری نادیارتەوە تا سنووری نادیارت، خۆت خۆش بە بەرگی سووری شەهیدەکانتەوە، بە دایکە بێڕۆڵەکانتەوە، بە باوکە کۆست کەوتووەکانتەوە، بە ئاودێر و سەپانتەوە، بە ڕەنجبەر و گاوان و شوانتەوە، بە خاك و ئاو و ئاسمانتەوە.

ئەو چاوە بە ئەسرینەت لە سەجادی لار بکەوە، بە زاری منەوە زمانی گلەیی لێ ببزێوە، تۆ دڵت نایەت؟ من پێی دەڵێم: چیبوویت بە بەژنی کورت و چاوی کز و عەمامەی سپیتەوە ئاگرت بەردایە وەجاغی نووسینی کوردی و پشتت تێکرد بەرەو چاڵی مەرگ.

دەك ماڵی مەرگت برمێ، وەی خانەی دوای مەرگت، خانەی دوای مەرگت با نەشێوێ!

چ بشێوێ هەموو کوردستان و فەرهەنگستانە:

دەمبییەیت؟ یان:

**ئـەونده خـەفەت لە جـەسته بـاره ـ نە جێگای بینین نە ڕێی گوفتاره ـ**

دەمبینیت؟ یان: پەردەی ئەستووری مەرگ نە چاو تێی بڕ دەکات و نە چاویلکە، دەسا پەردە هەڵدەوە، پەنجەیەکت لە دامەنی چەنگاڵ بکەیت، بە سەرەتاتکە لەم دیوەی پەردەوە هەزاران سوختە و هەڤاڵی خۆت دەبینی و لە جیهانی بووندا بۆت نیوە مردوون!

بۆ دڵیان نادەیتەوە؟ گوڵمێك لە گەوهەری ڕشتەی مرواریی مەرگستان، لە ژێر لچکی پەردەوە بپژێنە ناو خەونیانەوە خۆ تۆ ئێستا گەوهەرچنی نالی و ڕەزا و حاجیت!

تیشکێك لە ڕووناکی نۆدێیی کاکە ئەحمەد و مەولەوی و مەولانا بە پەیکی فریشتە بۆ مریدەکانت بەڕێ‌کەیت!

تاوێك لە گەرمەی تەقریری حەیدەرییان و جەلییان و قەرەداغییان و ڕۆژبەیانییان، لە موسەننیفەوە، لە بەیتووشییەوە، لە پێنجوێنییەوە بەرەو وەجاغە سارد و سڕبوویەکانەوە گەرماژۆ بکەیت!

هەڵکشێیت بەرەو شادگەی گیانی جەزیری و خانی و هەمەدانی، جۆش و خرۆشێکی مەجزووبانەیان لێ بخوازیتەوە بۆ کۆڕی ڕەشپۆشی تازیەدارەکانت!

موژدەیەکی ئاشتبوونەوەی ئیبنوئادەم و میری ڕەواندزمان لێت دەوێ لەبری قورئانی سەرقەبرت!

ڕاز و نیازێکی بلێسەداری بەدرخان و شێخی پیران و خولە و قازی بە گزنگی خۆردا ئاوەژووی بەفرستانی هەواری چۆڵت بکەیت!

لە دەشت و دۆڵە گوڵ‌گوڵییەکانی بەهەشت «گەشتێ بکەی بە پرسش و تەفتیشی خوار و ژوور» قارەمانی لەبیرکراومان بدۆزیتەوە و فرمێسکی خەفەت و کەسەری فەرامۆش‌بوونی بهۆنیتەوە بە «ڕشتەی مرواری» و لاگیرەی کیژی بێ‌باوان!

بۆ ناکەیت؟ خۆ تۆ بە زمانی هەموان دوایت و لەگەڵ هەموان ئاشنایت! پەنجا ساڵە بێ‌تەلی هەستت خەبەری مردووان بۆ زیندووانی سەرقەبر دەکاتەوە. لەوەتەی بیردەکەمەوە خامەت بێن و بەرامەی مەرگستانی بلیمەتی کورد لە ڕووی کوردەواری دەپژێنێت و بە زیندووکردنەوەیان تینێکی نوێ لە گیانی زیندووان دەگێڕێت.

بۆ ناکەیت؟ خۆ ئێمە لێت بێ‌نیاز نین،

چاومان لە ڕێتە، ئومێدمان پێتە دوای کۆچیشت تیشك و پرشنگ لە پەردەی خەیاڵمان جیلوەبەست بکەیت، کۆتر و پەپوولە و بولبول لە پەلکەزێڕینەی شەبەنگی گیانتەوە بە پانایی و بەرزایی ئاسۆی کوردستانی مەرگ تێگەڕاو هەڵفڕێنیت!

بۆ ناکەیت؟ خۆ دەستی زۆردارت ناگاتێ بتگێڕێتەوە لە دەفەزەنیی ئاڵقەی ئەو ڕۆح‌پەرانەی وەك خۆت گەرمە تەرقی ڕاستی و چاکەن؟ جەردەی فکر و ئازادی و ئاشتی دووربەدووری لە دۆزەخی ئەهریمەنەوە تێوەت ڕادەمێنن، بای بەهەشتی بن باڵ و شاپەڕت بۆیان دەبێ بە دەرمانی کوێری.

نە جندرمە و نە چاوسوورکەرەوە و نە خەفەکەر و نەفەسبڕی حکوومەتستانی سەرزەمین هیچیان دەست بە قەمچی، ناگەنە تازە دنیای "گەلاوێژ" و "مێژووی ئەدەبی" دیوی قەبرەکەت. تۆ بەسەر باڵی فریشتە و پەرییەوە پەروازی گیان پاکانە لە گوڵگەشتی کوردستان دەکەیت و تریفە و بریسکەی شاپەڕی ژەنگار بە دەورتەوە دەبێتە ترس و لەرزی کۆمەڵەی نوختەی تەفتیش و عەسکەری «کوا هەویەکەت؟». ڕەهایت لە ترس و تەما، بێ‌نیازیت لە نیازبەخشان، پەردەش هەڵستاوە لە نێوان دڵەکەت و کۆش و باوەشی ئەو دایکەی باری ناڵەباری لێتی دەشاردەوە. دەستێکی بخەرە گەردەن و تێر تێر لە کەوسەری بخۆرەوە. لە "زەڵم" و "بێخاڵ"ی مەلە بکە. بچۆرەوە بۆ لای سەرچنار و:

**بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین**

**شاد بن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی تاهیر ئەو تەهوور**

خۆ تۆ لە "چامەی نالی و سالم"ەوە شیرمژی ئەو سەرچاوەیەیت، تا ئەوەی شیری دایك لە ڕۆڵەی حەڵاڵ بووبێ هەر بایی ئەوەیە کە سەرچنار بۆ تۆ حەڵاڵە. تاقگە نییە لە کوردستان لە چاوی تۆوە هەڵنەڕژابێ بۆ حاڵی کورد، هەڤاڵی چل و ئەوەندە ساڵەم!

تۆش ئۆغرت کرد بۆ دوایین قۆناغی چوون، گەیشتیتە ئەو مەڵبەندەی کەس لێی ناگەڕێتەوە، ئێستە وایت لە کۆچخانەی ئەبەد، بە نۆرە یەك لە دوای یەك ئێمەیش تاڵەشەربەتی گیانەلاوە دەنۆشین و چۆڕبڕی دەکەین، لە ترووکەیەکی چاودا نێوانی ئەزەل و ئەبەد دەپێچینەوە بۆ نەبوونستان، لە ئێمە بە دواوە نامزەدانی مەرگ لە منداڵدانی عەدەمەوە بۆ دنیاکەی کاروانسەراڕەنگ دەخلیسکێن و لێی دەردەچن، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ژیان دەتکێتە ناو هیچگەی بڕانەوە، نە دڵۆپی ژیان دەوەستێ و نە دەفری مردن پڕ دەبێ، هاوار بە ماڵم!

ئەرێ براله! مامۆستاکەم! چ باسە لەو خامۆشەوارە؟ ئەو خەڵقە چالاکەی بەر تیشکی ڕۆژ کە لێرە تێکیان دەهاویشت و کۆڕی ئاشتی و شەڕیان لە مەیدانی جەنگ و لە بازاڕی مامڵەت دەبەست ئێستە چی دەکەن لەو تاریکەمەنییە؟ بە چ زمانێك دەدوێن؟ چۆن تێك دەگەن؟ تۆ خۆت کە لێرە کۆترەی ئاشتی و ڕاستی بوویت چ بازاڕێکی کڕیارت هەیە بۆ چنینی تان و پۆیەك لەو قوماشە؟ بۆت دەلوێ گیانە لێك تۆراوەکانی سەرزەمین بکەیت بە هاوڕێی تەبا و ڕەبای ژێر زەمین؟ کەس گوێی لێتە ئەفسوونی شیعریان لێ بخوێنیت؟ کەس کاری پێتە بە ئیکسیری ئەڤین گەشەداری بکەیتەوە؟ بۆت سازدەدرێ ڕیزی نوێژکەران لە پەرستگەی ڕەنگ و ڕووناکی، لە دواتەوە، کڕنووش ببەن بۆ نرخە زلەکانی ڕاستی و داد و شەرەف؟

هەر ساتێك و هەر کاتێك دڵت لەو نشینگە تازەیەت تۆرا، سڵت لە نوێژکەر و گوێدەر و پەنابەری بن نوای قەبرستان کردەوە، بادەوە بۆ مەینەتخانەی پاش کۆچت و لە نوێ ڕایبزێنەوە بە چراغانی هاتنەوەت لە حەج. بە هەموو عومرت دڵم لێت نەیەشاوە، دڵی کەست لێ نەڕەنجاوە، ئەم جارەش وەفا بە وەعدە بکە و دڵم مەشکێنە، بگەڕێوە بۆ ماڵ و مزگەوت و کتێب و دەروێشەکانت. دڵنیابە کەس بە مردووی دانەناویت، تۆ لە مردن

گەورەتری، مردن بە شاقەلێکی کەوا ئاو دامەنەکەشت ناگات، ناتوانێ وەك تۆز لە پێلاوەکەت بنیشێ، کە دەمگوت مردوویت لە پەرۆشی خێری ئەو فاتیحانەم بوو بۆت بەرێ دەکران، مردنی تۆ بەندە بە مردنی وشە و ئەدەب و ڕۆشنایی و ئەو خاکە و ئەو خەڵقەی مردنیان بۆ نییە، کورد و کوردستان هەر زیندوون، تۆش لە نێوەندی دڵیاندا.

تۆ لەم دەمەڕا ژینی بێبڕانەوە و هەبوونی بێکۆتایی بەسەر دەبەیت[1].

◇◈◇

١. نووسەری کورد ژمارە ١ی خولی سێهەم ساڵی ١٩٨٥.

# بۆ دانانی ئەم کتێبە ئەم سەرچاوانە تەماشا کراون

١. «تاریخی ئاشووری کۆن»: «سیر سیدنی سمیت»، چاپی لەندەن، ١٩٢٨.

٢. «دانیشتووەکانی شیوی ڕافیدەین»: «ئیزئەم سپایزر»، چاپی فیلادلفیا، ١٩٣٠.

٣. «چوار سەدە لە تاریخی تازە»: «ئی. ئج. لونگریك» چاپی لەندەن ١٩٢٥.

٤. «گەشتەکەی ئی. بی. سۆن» چاپی لەندەن ١٩١٢.

٥. «یادداشتی ئی. بی. سۆن لەبارەی کوردەکانی جنووبی» چاپی بەغدا ١٩١٨.

٦. «لە دەریای سپییەوە تا خەلیجی فارسی»: «دوکتورماکس فرایهرن» چاپی بەرلین ١٩٠٠.

٧. «لە تەورێزەوە تا تەختی سولەیمان»:«ئا. ج. بی. رولسن» ١٨٣٨.

٨. «لوڕستان، پێشکۆ»: «سی. جی. ئیدمۆندس» چاپی لەندەن ١٩٢٢.

٩. ورد بوونەوەکانی «ڤۆن لۆشان» و «سۆلاك» و «ئوژەر پیتەر».

١٠. نووسینەکانی «مینۆرسکی» و «نیکتین» لە ئینسگلۆ پیدیای بریتانیدا[١]. چاپی لەندەن ٢٩ _ ١٩٣٧.

---

١. ناوی کتێبی ڕۆژهەڵاتی ناسەکانم هەر بە کوردی نووسی، چونکە من کتێبم بۆ کورد نووسیوە، ئەوانەی ئینگلیزی ئەزانن ناوەکان وەربگێڕنەوە سەر ئینگلیزی؛ بەڵام هی عەرەبی و فارسییەکە، کورد خۆی ئاشنایەتی.

١١. «تەورات (عەهدی قەدیم). ئینجیل (عەهدی جەدید) بە ئەرکی «ریچارد واتس» چاپی لەندەن ١٨٢٢.
١٢. «تأریخ الطَّبَري»: «موحەممەدی کوڕی جەریر». چاپی قاهیره ١٩٣٩.
١٣. «مُروَجُ الذَّهَب»: «عەلی کوڕی حوسەینی مەسعوودی» چاپی قاهیره ١٩٣٨.
١٤. «الکامل فيالتَّأریخ»: «ابن اثیر» چاپی قاهیره ١٣٣١ هـ.
١٥. «تأریخ ابن خلدون» چاپی قاهیره ٨٠٨ هـ.
١٦. «تجارب الأمَم»: «ابن عسکویه» چاپی قاهیره ١٩١٤.
١٧. «دائرة المعارف اسلامی»: «محمد فرید وَجدی» چاپی قاهیره ١٢ ـ ١٩١٨.
١٨. «مُفَصَّل جُغرافیای عراق»: «طه هاشمی» چاپی بەغدا ١٩٣٠.
١٩. «گەشتەکەی میستەر. ریچ» تەرجەمەی «بهاءالدِّین نوری» چاپی بەغدا ١٩٥١.
٢٠. «القضیّة الکردیّة»: «دوکتور بلەچ شێرکۆ» چاپی قاهیره ١٩٣٠.
٢١. «مِن عمّان إلی العمادیّة»: «عەلی سەیدۆ گۆرانی» چاپی قاهیره ١٩٣٩.
٢٢. «التّعریف بمساجد السّلیمانیّة»: «مامۆستا شێخ موحەممەدی قزڵجی» چاپی بەغدا ١٩٣٨.
٢٣. «خلاصة تأریخ الکرد و کردستان»: «موحەممەد ئەمین زەکیبەگ» چاپی قاهیره ١٩٣٩.
٢٤. «تأریخ الإمارات والدّول الکردیّة»: «موحەممەد ئەمین زەکیبەگ» چاپی قاهیره ١٩٤٨.
٢٥. «مَشاهیر الکرد و کردستان» بەرگ ١ «موحەممەد ئەمین زەکیبەگ» چاپی بەغدا ١٩٤٥.
٢٦. «مَشاهیر الکرد و کردستان» بەرگ ٢ «موحەممەد ئەمین زەکیبەگ» چاپی قاهیره ١٩٤٧.
٢٧. «عشائر العراق الکردیّة»: «مامۆستا عەباس عەزاوی مەحامی» چاپی بەغداد ١٩٤٧.
٢٨. «المنشي البغدادي» تەرجەمەی «مامۆستا عەباس عەزاوی مەحامی» چاپی بەغدا ١٩٤٨.
٢٩. «تأریخ الآلِهة»: «فاروق الدّملوجي» چاپی بەغدا ١٩٥٠.
٣٠. «تاج العَروس»: «سید محمد مرتضی الحسیني» چاپی قاهیره ١٣٠٧ هـ.
٣١. «الیاذة هومیروس» لەگەڵ شەرح. «سولەیمان بوستانی» چاپی قاهیره ١٩٠٤.
٣٢. «معجم الأدَباء»: «یاقووتی حەمەوی» چاپی قاهیره ١٩٣٦.

٣٣. «عقد الفريد»: «ابن عبد ربّه» چاپی قاهیره ١٩٤٠.

٣٤. «تفسير البيضاوى» چاپی قاهیره ١٣٥٥ هـ.

٣٥. «الشّفا»: «ابن سينا» چاپی دارولفونوون ١٣٠٣ هـ

٣٦. «قصّة الأدب في العالم»: «ئەحمەد ئەمین» و «زەکی نەجیب مەحموود» چاپی قاهیره ٤٣ ـ ١٩٤٨.

٣٧. «إحياء علوم الدّين»: «غزّالی» چاپی قاهیره ١٩٣٣.

٣٨. «تأريخ الفلسفَة الحديثة»: «يوسف كرم» چاپی قاهیره ١٩٤٩.

٣٩. «المدخل إلى علم النّفس»: «صالح الشّماع» چاپی بەغدا ١٩٥١.

٤٠. «الفلسفة الشّرقيّة»: «دكتور محمّد غلاب» چاپی قاهیره ١٩٣٨.

٤١. «قصّة النّزاع بين الدّين و الفلسفة»: «دكتور توفيق الطّويل» چاپی قاهیره ١٩٤٧.

٤٢. «شرح المواقف»: «سەید شەریف جورجانی» چاپی قاهیره ١٩٠٧.

٤٣. «دائرة المعارف الإسلامي» چاپی قاهیره ١٩٣٧.

٤٤. «تأريخ الدّوَل العليّة العثمانيّة»: «موحەممەد فەرید بەگ» چاپی قاهیره ١٨٩٦.

٤٥. «تأريخ اوريا الحديثة»: «عەلی حەیدەر سولەیمان» چاپی بەغدا ١٩٣٧.

٤٦. «الهديّة الحميديّة»: «يوسف ضياء الدّين پاشا الخالدي» چاپی ئەستەموڵ ١٣١٠ هـ.

٤٧. «تأريخ الأدب العربي»: «احمد حسن الزّيات» چاپی قاهیره ١٩٤٢.

٤٨. «تأريخ هيرودوس» لە فەرەنسییەوە: «حبيب بسترس» چاپی بەیرووت ٨٦ ـ ١٨٨٧.

٤٩. «الأدب التّمثيلي اليونانيّ»: «سوفوكليس» تەرجەمەی «طه حسين» چاپی قاهیره ١٩٣٩.

٥٠. «اليزيديّة»: «عبدالرّزّاق حسني» چاپی بەغدا ١٩٢٩.

٥١. «تاريخ ايران قديم»: «حسن پيرنيا ـ مشيرالدّولة» چاپی تاران ١٣٠٨ ش.

٥٢. «تاريخ عالم آراى عباسى» چاپی تاران ١٣١٣ هـ.

٥٣. «تأريخ سرجون مالكولم» چاپی لەندەن ١٨٢٩.

٥٤. «تاريخ شەرەفنامە»: «ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی» چاپی قاهیره ١٩٣٠.

٥٥. «تأريخ بيهقي»: «موحەممەدی کوڕی حوسەینی بەیهەقی» چاپی تاران ١٣٢٤ ش.

٥٦. «کرد و پیوستگی نژادی و تاریخ او»: «رشید یاسمی» چاپی شیرکەتی چاپخانەی تابان.

٥٧. «کردستان»: «علی اصغر شمیم همدانی» چاپی تەورێز ١٣١٢ ش.

٥٨. «روضةالصّفا»: «رضا قلی هدایت» چاپی تاران ١٣٠٧ هـ.

٥٩. «حبیب السّیر»: «غیاث الدّین» چاپی تاران ١٢٧١ هـ.

٦٠. «کتاب تاریخ سال یکم و دوم دبیرستانها» چاپی تاران ١٣٢٠ ش.

٦١. «آثار عجم»: «محمد نصیر فرصت شیرازی» چاپی بەمبەئی ١٣٥٤ هـ.

٦٢. «دینکرد» تاریخی ئاوێستا و ئەدەبیاتی پەهلەوی. «محمد جواد مشکور» چاپی تاران ١٣٢٥ ش.

٦٣. «گلستان سعدی» چاپی بەمبەئی.

٦٤. «شاهنامە»: «فیردەوسی» باهتمام مرتضی حسینی. چاپی بەمبەئی ١٣٠٨ هـ.

٦٥. «تاریخ ادبیات فارسی»: «بدیع الزّمان خراسانی» چاپی تاران ١٣١٤ ش.

٦٦. «تاریخ ادبیات ایران»: «دکتر رضازاده شفق» چاپی تاران ١٣١٣ هـ.

٦٧. «فرهنگ نفیسی» چاپی تاران ١٨ ـ ١٣١٩ ش.

٦٨. «تاریخی کورد و کوردوستان»: «مامۆستا شێخ موحەممەد ئایەتوڵڵا کوردوستانی» لە ڕۆژنامەی «کوهستان»..

٦٩. «فلسفەی ایران باستان» «انتشارات انجمن زرتشتیان» چاپی بەمبەئی ١٣١١ هـ.

٧٠. «مزدیسنا و تأثیر آن در ادبیات فارسی»: «دکتر محمد معین» چاپی تاران ١٣٢٦ ش.

٧١. «حافظ شیرازی» بە سەرمایەی «بنگاه پروین» چاپی تاران ١٣١٩ ش.

٧٢. «تأريخ سليماني»: «محمد امین زکی» چاپی بەغدا ١٩٣٧.

٧٣. «شیعر و ئەدەبی کوردی»: «مامۆستا ڕەفیق حیلمی» چاپی بەغدا ١٩٤١.

٧٤. «گۆڤاری گەلاوێژ».

٧٥. «گۆڤاری دەنگی گێتی تازە».

٧٦. «گۆڤاری هاوار».

٧٧. «گۆڤاری دیاری کوردوستان».

٧٨. «کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشا».

٧٩. ڕۆژنامە کوردییەکان.

٨٠. دیوانە کوردییەکان.

٨١. سوراخە دەستخەتە کوردییەکان کە لای خۆم هەیە.

◇◈◇

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication
سنندج، [illegible] تلفن ۲۲۶۵۳۸۲

## ماموستا عەلائەددین سەججادی
## ١٩٠٧ - ١٩٨٤ زایینی



عاشقی وشەی خاوێنی کورد، کەڵەپیاوی بەدەستوبرد، هۆگری دابونەریتی کوردەواری، کۆکەرەوەی کەلەپوور لە دێهات و شاری، زیندووکەرەوەی شادی، شێخ عەلائەددینی سەججادی.

ناوی «عەلائەددین نەجمەددین عیسامەددین»ە و لە بنەماڵەی ناوداری «سەججادی»یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٠٧ی زایینی لە سنەدا هاتۆتە دنیاوە و لە کۆشی خێزانێکی ئایینیدا پەروەردە کراوە. لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی ئیجازەی مەلایەتی لای ماموستا «شێخ بابەعەلی تەکیەیی» وەرگرتووە و چووە بۆ بەغدا و لە مزگەوتی «نەعیمە» خاتوون بووە بە پێشنوێژ. لە بەغداش لای ماموستایان شێخ «ئەمجەدی زەهاوی» و شێخ «محەممەدی قزڵجی» بە هەندێ لە زانستە ئیسلامییەکاندا چۆتەوە. لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینیدا چۆتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی و لە ١٩٤١دا بووە بە بەڕێوەبەری گۆڤاری «گەلاوێژ» و وردە وردە بووە بە هەمەکارەی و تا داخستنی لە ١٩٤٩دا لەگەڵی بووە.

لە ساڵی ١٩٤٨دا گۆڤاری «نزار»ی بە عەرەبی و کوردی دەرکردووە، کە گۆڤارێکی نیشتمانپەروەری و سیاسی بووە. تا ساڵی ١٩٧٤ ماموستای وێژە و مێژووی وێژەی کوردی بووە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا. لە ساڵی ١٩٧٤دا کرا بە ئەمینداری گشتی ئەوقاف و سێ ساڵ لەو کارەدا ماوەتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ١٩٨٤/١٢/١٤ی زایینی، کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە نزیکی شێخ عەبدورڕەحمانی ئەبولوەفای نەقشبەندی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە کۆشی خاک سپێرراوە.

عەلائەددینی سەججادی زیاتر لە چل ساڵ خەریکی زیندووکردنەوەی کەلەپوور و نووسینی مێژووی وێژەی کورد بوو. تێکۆشانی بێوچانی ئەم پایەبەرزە نەیهێشت کە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوەکەمان بفەوتێ.

**ناوی بەرز و ڕۆحی شاد بێت**

9789649800981

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication
سنندج، پاساژ عزتی، تلفن: ٣٣١۶۵٣٨٢